# Criticism in art as a main principle of original text from the perspective of critical aesthetic theory: The text of Sherko Bekas's "Bracelet Book" as an example

Sirwan Jabar Amin[1], Kadhim Shekh Hussein[2]
Soran University- Faculty of Arts

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.31*

*Published: 15/1/2025*

***Abstract***

*The Frankfurt School's theory of critical aesthetics encompasses several ideas and precepts, the most significant of which are (criticism in art). This principle contains the main view of this theory and defines most other concepts and principles. It is one of the main principles and criteria for distinguishing original text from non-original text from the perspective of this theory. This paper, entitled (Criticism in Art as a Main Principle of Original Text from the Perspective of Critical Aesthetic Theory: The Text of Sherko Bekas's Bracelet Book as an Example), The aim is to demonstrate the main critical perspectives and themes of the text, as well as to determine the text's level of authenticity in light of this theory. For this purpose, the descriptive-analytical method was used. It attempts to distinguish between the original and non-original texts using the principle of criticism in art, which takes a critical view of art's relationship to society. The text's main critical viewpoints and themes should be identified and presented, and it should be demonstrated that this text is based on criticizing the current state of society and is an original text from the perspective of this theory.*

***Keyword***: *Critical Aesthetic Theory, Frankfurt School, Criticism in Art, Sherko Bekas.*

# ڕەخنە لە هونەردا وەک بنەمایەکی سەرەکیی دەقی ڕەسەن لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی: دەقی "کتێبی ملوانکە"ی شێرکۆ بێکەس بە نموونە


پ. د. سیروان جەبار ئەمین (زەند)
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
Sirwan.amin@soran.edu.iq

م. ی. کاظم شێخ حسێن
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
kadhim.hussein@soran.edu.iq



**پوختە**

تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەییی قوتابخانەی فراکفۆرت لەخۆگری کۆمەڵێک چەمک و بنەمایە، لە سەرەکیترین ئەو چەمک و بنەمایانە بریتییە لە (ڕەخنە لە هونەردا)، ئەم بنەمایە لەخۆگری ڕوانگەی سەرەکی ئەم تیۆرەیە و واتاپێدەری زۆربەی چەمک و بنەماکانی ترە و یەکێکیشە لە بنەما و پێوەرە سەرەکییەکانی جیاکردنەوەی دەقی ڕەسەن لە دەقی ناڕەسەن لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە. ئەم توێژینەوەیەش کە بە ناونیشانی (ڕەخنە لە هونەردا وەک بنەمایەکی سەرەکی دەقی ڕەسەن لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی: دەقی "کتێبی ملوانکە"ی شێرکۆ بێکەس بە نموونە)یە، ئامانج لێی نیشاندانی ڕوانگە و تەوەرە سەرەکییە ڕەخنەییەکانی دەقەکە و دواجار دیاریکردنی ئاستی ڕەسەنێتی دەقەکە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەیە. بۆ ئەم مەبەستەش پێڕەوی لە ڕێبازی (وەسفی ــ شیکاری) کراوە، تێیدا هەوڵدراوە لە ڕوانگەی بنەمای (ڕەخنە لە هونەردا)، کە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ هونەر بەرانبەر کۆمەڵگا لەبەرچاودەگرێت و دەیکاتە بنەمای جیاکردنەوەی دەقی ڕەسەن لە دەقی ناڕەسەن، سەرەکیترین ڕوانگە و تەوەرە ڕەخنەییەکانی دەقەکە دەستنیشانبکرێن و بخرێنەڕوو، دواجار ئەوە دەربخرێت، کە ئەم دەقە بناغەکەی لەسەر ڕەخنەگرتن لە دۆخی هەبووی کۆمەڵگا بنیاتنراوە و لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە دەقێکی ڕەسەنە.



**وشە کلیلییەکان:** تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی، قوتابخانەی فرانکفۆرت، ڕەخنە لە هونەردا، شێرکۆ بێکەس.

# ڕەخنە لە هونەردا وەک بنەمایەکی سەرەکیی دەقی ڕەسەن لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی: دەقی "کتێبی ملوانکە"ی شێرکۆ بێکەس بە نموونە

## پێشەکی

تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەییی قوتابخانەی فراکفۆرت لەخۆگری کۆمەڵێک چەمک و بنەمایە، لە سەرەکیترین ئەو چەمک و بنەمایانە بریتییە لە (ڕەخنە لە هونەردا)، ئەم بنەمایە لەخۆگری ڕوانگەی سەرەکی ئەم تیۆرەیە و واتاپێدەری زۆربەی چەمک و بنەماکانی ترە و یەکێکیشە لە بنەما و پێوەرە سەرەکییەکانی جیاکردنەوەی دەقی ڕەسەن لە دەقی نارەسەن لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە. ئەم توێژینەوەیەش کە بە ناونیشانی (ڕەخنە لە هونەردا وەک بنەمایەکی سەرەکی دەقی ڕەسەن لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی: بە نموونە دەقی "کتێبی ملوانکە" شێرکۆ بێکەس)ە، هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ڕوانگە و تەوەرە سەرەکییە ڕەخنەییەکانی دەقەکە و دواجار دیاریکردنی ئاستی ڕەسەنێتی دەقەکە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە.

**- سنور و چوارچێوەی توێژینەوە:** تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی کۆمەڵێک چەمک و بنەما لەخۆدەگرێت، بەڵام ئێمە لەبەر کورتی مەودا و سنوری توێژینەوەکە تەنیا کارمان لەسەر یەک بنەمای ئەم تیۆرە، کە بریتییە لە (ڕەخنە لە هونەردا) کردووە. لە نیشاندان و خستنەڕووی ڕوانگە ڕەخنەییەکانی دەقی (کتێبی ملوانکە)ش تەنیا کارمان لەسەر ڕوانگە و تەوەرە سەرەکییە ڕەخنەییەکانی دەقەکە کردووە.

**- ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پێڕەوی لە ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری) کراوە.

**- پرسیارەکانی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا لەژێر ڕۆشنایی بنەمای (ڕەخنە لە هونەردا)، لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا دەبین:

- ئایا کرۆکی دەقی (کتێبی ملوانکە) ڕەخنەگرتن و وەستانەوەیە دژ بە بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگا؟.
- تەوەرە سەرەکییە ڕەخنەییەکانی دەقەکە چین؟.
- ئایا ئەم دەقە لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی لە قاڵبی ئەدەبی ڕەسەن جێدەگرێت؟.

**- گرنگیی توێژینەوە:** لەوەدایە، کە لە لایەکەوە هەوڵدەدات کار بە یەکێک لە تیۆرە هەرە نوێیەکانی ناو بواری جوانیناسی (ئیستێتیک) بکات، لە لایەکی تریشەوە لە هەوڵی هەڵسەنگاندن و نیشاندانی ڕەسەنایەتیی دەقی ئەدەبی کوردی (بە نموونە "کتێبی ملوانکە")ی شیرکۆ بێکەس لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەییی قوتابخانەی فرانکفۆرت دایە، کە دواجار ئەمە ئاست و پێگەی ئەدەبی کوردی نیشاندەدات.

**- پێکهاتەی توێژینەوە:** جگە لە پوختە، پێشەکی، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و تێیدا سەرەتا بە کورتی باسی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی کراوە، دواتر بە تێروتەسەلی باس لە بنەمای سەرەکی ئەم تیۆرە (ڕەخنە لە هونەردا) کراوە. هەرچی بەشی دووەمە لایەنی کارەکیی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و تێیدا هەوڵدراوە لە ڕوانگەی بنەمای (ڕەخنە لە هونەردا)، کە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ هونەر بەرانبەر کۆمەڵگا لەبەرچاودەگرێت و دەیکاتە بنەمای جیاکردنەوەی دەقی ڕەسەن لە دەقی ناڕەسەن، سەرەکیترین ڕوانگە و تەوەرە ڕەخنەییەکانی دەقەکە دەستنیشانبکرێن و بخرێنەڕوو.

## بەشی یەکەم

### ١-١ تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی

تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی بە گشتی بە بەرهەمی هەریەکە لە بیرمەندان؛ هۆرکهایمەر و بە تایبەتی تر ئادۆرنۆ و مارکۆزە دادەنرێت, ئەم تیۆرە بە یەکێک لە تیۆرە هەرە دیار و گرنگەکانی جوانیناسیی مۆدێرن هەژماردەکرێت، کە توانی ڕوانگە و بۆچوونێکی نوێ لە کایەی جوانیناسیدا بێنێتەکایەوە، کە تاوەکو ئێستاش دید و جیهانبینیی ئەم تیۆرە بۆ هونەر و ئەدەب جێگای تێڕامان و گرنگیپێدانە و لەناو جوانیناسیی مۆدێرندا توانیویەتی درێژە بە ژیانی خۆی بدات و بە زیندوویی بمێنێتەوە و کاریگەریی لەسەر ڕوانگە و بۆچوونەکانی دوای خۆی لە بواری جوانیناسیدا جێبهێڵێت. ئەم تیۆرە لە ناخی قوتابخانەی فرانکفۆرت و تیۆری ڕەخنەیی سەریهەڵداوە، ((لە تیۆری ڕەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی دوورییەکی وا نییە، واتە ئەوەندە لە یەکتریش دوور نین، بەڵکو پێکەوە بەستراون و ئاوێتەی یەکتر بوونە. تیۆری جوانیناسی هەم ڕەخنەیە و هەم فەلسەفە و تاکە ڕێگا و ئامرازێکە کە بوون بە هونەر دەبەخشێت. گرنگی بە پێگە ڕەسەنەکەی ئەو دەدات و هەڵیدەسەنگێنێت)) (چیانە و دیگران، ١٣٩٩: ٦). لە قوتابخانەی فرانکفۆرتدا بابەتی هونەر و ئەدەبیات بە یەکێک لە بابەتە هەرە سەرەکییەکانی دادەنرێت، کە بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت گفتوگۆ و توێژینەوەیان لەبارەوە کردووە و ڕوانگە و بۆچوونی نوێیان لە بارەیەوە خستووەتەڕوو. ئەم گرنگیپێدانەی فرانکفۆرتییەکان بە جوانیناسی تا ئاستێک دەچێتە پێشەوە، کە هونەر و ئەدەبیات وەکو دەرچەیەک و کلاورۆژنەیەک دەبینن بۆ دەرچوون و ڕزگاربوون لە هەموو ئەو لێکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە خراپ و نەرێنییانەی نێوان هەردوو شەڕی جیهانی و سەرمایەداری و ئەو ناعەقڵانییەی دەستی بەسەر کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا کێشابوو. بە واتایەکی تر، لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانی، کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری بوویەوە، لە لایەکەوە دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی لەسەر بنەمای شوڕا، کە ئەنجامەکەی ناتەبا و دژیەکبوو لەگەڵ خۆی. لەلایەکی تریشەوە، گەشەسەندنی سەرمایەداری لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان. سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەرکەوتنی نازیزم و فاشیزم، بیر و هزری بیرمەندان

بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت. لەم کاتەشدا بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە تایبەت هۆرکهایمەر، ئادۆرنۆ و مارکۆزە سەرنج دەخەنە سەر عەقڵ و دژی ئەم نەفامی و ناعەقڵانییەی کە دەستی بەسەر جیهاندا داگرتووە، دەوەستنەوە و دادگایی دەکەن (عباسی، ١٣٨٨: ٢٧ـ ٢٨). ئەم گرنگیدانەی فرانکفۆرتییەکان بە هونەر و ئەدەبیات سەرەنجامەکەی دەرکەوتنی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەییە. بە واتایەکی تر، لە بواری هونەر و ئەدەبیاتدا ئەوەی لە هەناوی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەرکەوت، تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی بوو.

تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی وەک هەر تیۆرێکی تر لەخۆگری کۆمەڵێک چەمک و بنەمایە، کە بیرمەندانی ئەم تیۆرە لە ڕێگەیانەوە ڕوانگەکانی خۆیان سەبارەت بە هونەر و ئەدەبیات دەخەنەڕوو و دەیانکەنە بنەمایەک بۆ ناسینەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەسەنایەتیی بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری و دواجار پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی هونەری ڕەسەن لە هونەری ناڕەسەن. ئەو چەمک و بنەمایانەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی سەبارەت بە هونەر و ئەدەبیات، خستوویانەتەڕوو، لە ڕاستیدا نزیکایەتی و لێکچوون و ئاوێتەبوون و وابەستەبوونێکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەیە و هەریەکەیان دەبێتە تەواوکەری ئەوی تریان و مانا بە یەکتر دەدەن. ئێمەش لێرەدا باس لە سەرەکیترین چەمک و بنەمای ئەم تیۆرە کە بریتییە لە (ڕەخنە لە هونەردا) دەکەین.

**١ـ١ـ٢ ڕەخنە لە هونەردا**

ڕەخنە لە هونەردا، یەکێکە لە چەمک و بنەما سەرەکییەکانی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی، کە تا ڕادەیەکی زۆر دەبێتە واتا پێدەری زۆربەی چەمک و بنەماکانی تری ئەم تیۆرە، ئەگەر سەرنج لە خۆدی ناوی تیۆرییەکەش بدەین درک بەوە دەکەین، کە ئەم تیۆرە بۆ هونەر و ئەدەبیات ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەیان هەیە. بەو واتایەی، ئەرکێکی ڕەخنەگرانە بۆ هونەر و ئەدەبیات بەرانبەر کۆمەڵگا لەبەرچاودەگرن، "لە ڕوانگەی کەسایەتییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە، هونەر دەبێت وەک تیۆرەکەی ئەم قوتابخانەیە ڕەهەندێکی ڕەخنەگرانەی هەبێت" (بی نام، ١٣٨٧: ٥٣). بەو واتایەی وەک چۆن (تیۆری) قوتابخانەی فرانکفۆرت بریتییە لە (تیۆری ڕەخنەیی) و ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەیە سەبارەت بە کۆمەڵگای مۆدێرن و سەرمایەداری، بە هەمان شێوە ئەو چاوەڕوانییەشیان لە هونەر و ئەدەبیات هەیە، کە بە ئەرکێکی ڕەخنەییانە بەرانبەر بە کۆمەڵگا هەستێت، چونکە لە ڕوانگەی بیرمەندانی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی لە دنیای مۆدێرندا، کە دەنگە ئازاد و ڕەخنەگرەکان کپکراون، بوارێک کە بتوانێت ئەم ئەرکە لەئەستۆبگرێت و ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی هەبێت "تەنها لە هونەردا هەیە" (اسلاتر، ١٣٩٨: ٢٦٧). ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر ڕەهەندی ڕەخنەگرانەی هونەر تا ئاستێک دەچێتە پێشەوە، کە بیرمەندانی ئەم تیۆرە پێیانوایە "ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا هونەر هەبوو، بۆیە هەیە تا ڕەخنە لەو کۆمەڵگایە بگرێت" (جەهانبەگلو، ٢٠١٩: ٨٠). لەم ڕوانگەیەوە مارکۆزە دەڵێت: "ئامانجی هونەر نەسازان لەگەڵ بارودۆخی هەبوو و نیشاندانی ناڕەزایەتی و تووڕەییە" (مارکوز، ١٣٥٠: ٩٥). ئادۆرنۆش ڕۆڵ و گرنگیی ڕەخنەگرانەی هونەر لە ناو کۆمەڵگا زەقدەکاتەوە و پێیوایە "هەر ئەم ڕاستییە کە

هونەر هەیە، پەیامێک و هیوایەک بە ئێمە دەبەخشێت، کە کۆمەڵگا بەو شێوازەی ئێستا نابێت درێژە بە بوونی خۆی بدات" (همرمایستر، ١٣٩٩: ٢٦٣)، لەبەرئەوەی هونەر دژ بە بارودۆخی نەخوازراوی کۆمەڵگا دەوەستێت و ڕەخنەی لێدەگرێت، "هونەر بەر لە هەر شتێ، ئەرکێکی ڕەخنەییانەی لەئەستۆیە، کە توانای ڕووخاندنی جیهانی باو و دامەزراندنی جیهانی نوێی هەیە" (محەمەد، ٢٠٢١: ٥٣). لێرەشەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە "بۆچوون و تێڕوانینی تیۆریستانی قوتابخانەی فرانکفۆرت سەبارەت بە هونەر و ڕەهەندە جوانیناسییەکەی دید و تێڕوانینێکی ڕەخنەییە" (طاهانسب، ١٣٩٨: ١٢٩). بۆیەشە کۆی چەمک و بنەماکانی تری ئەم تیۆرە لەگەڵ ئەم بنەمایە لە پەیوەندیدان و تا ڕادەیەکی زۆر واتای خۆیان لەم بنەمایەوە وەردەگرن.

لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی سەنگ و بەها و ڕەسەنایەتی بەرهەمی هونەری لە ڕەهەند و لایەنە ڕەخنەگرانەکەیدایە و وەکو پێوانە و پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکەیە، "ڕەسەنایەتیی هونەریی بەرهەمێک لە ڕێژە و ڕادەی بەرهەڵستیکردن و ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر بە دۆخی هەبوو لە کۆمەڵگادا هەڵدەسەنگێنرێت" (طاهانسب، ١٣٩٨: ١٢٩)، لەم ڕوانگەیەوە باشترین بەرهەم ئەو بەرهەمەیە، کە بەرانبەر بە کۆمەڵگا ڕەهەندێکی ڕەخنەگرانەی هەبێت و دژی بوەستێتەوە و بەرهەڵستیبکات و ڕەتیبکاتەوە.

لە دنیابینیی ئەم تیۆرەدا هونەر لەگەڵ دۆخی هەبووی کۆمەڵگادا هەمیشە ڕەخنەگر و ناڕازی و ناتەبایە و دژی دەوەستێتەوە، هیچ کات نابێت بە بەشێک لە سیستەمی باڵادەستی کۆمەڵگا و پاڵپشتی ناکات، بۆیە "هونەرێک کە کەڵکی پەسەندکەر ـ ئایدۆلۆژیکی هەیە، لە زاتی خۆیدا وابەستەیە و هەوڵی پڕشکۆ نیشاندان و پاک ناساندنی کۆمەڵگا دەدات. لەم تیۆرەدا بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان لە جیاتی پەسەندکردنی سیستەمی هەبوو، لێپرسینەوەی لێدەکەن؛ ئەگەر کۆمەڵگاکان هەوڵی یەکپارچەیی و یەکدەستیی بارودۆخ بدەن، بەرهەمە هونەرییە ڕەسەنەکان هەوڵی تێکدانی یەکگرتووییەکە لە لایەن سیستەمی دەسەڵاتدارەوە دەدەن" (جورشری، ١٤٠٠: ٥٠ـ ٥١)، بۆیە بەرهەمی هونەری ڕادەستی بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگا نابێت و نابێتە بەشێک لە سیستەمەکە و لە دڵی سیستەمی باڵادەستی کۆمەڵگا بێ سیستەمی بەرهەمدەهێنێتەوە، خۆ ئەگەر کارێکی وا نەکات، ئەوا "ئەو کات هەر چەشنە بەرخودانێک لە بەرانبەر بارودۆخی هەبوو تێکدەشکێنێت و بە دوایدا هەر چەشنە هیوایەک بە ڕاستییەکی تر و باشتر بۆ هەمیشە لەناودەچێت. ئێستا کە ژیان ئەوە نییە، کە دەبێت ببێت، هونەریش دەبێت هەبێت تاوەکو ڕەتکردنەوەی ئەوها ژیانێک، وەبیرهێنانەوەی بارودۆخێک کە نییە، بەڵام دەتوانێت ببێت و وەبیرهێناوەی کامەرانییەک، کە دەکرێت دروستبکرێت، زیندوو بهێڵێتەوە" (هاوس کلر، ١٤٠٠: ٩١ـ ٩٢). ڕەهەندی ڕەخنەگرانەی هونەر نەک هەر دەبێتە هۆکارێک بۆ مانەوەی هیوا و ئۆمێدێک بە دنیایەکی باشتر و جوانتر، بەڵکو خودی مانەوەی هونەریش بەم لایەنەوە وابەستەیە، هەروەک ئادۆرنۆ دەڵێت: "هونەر تەنها تا ئەو کاتەی هێزی وەستان دژ بە کۆمەڵگای هەبێت، درێژە بە ژیانی خۆی دەدات" (شجاع، ١٣٩٥: ١٣٧)، هەر کاتێک هونەر ئەم هێزەی نەما و نەیتوانی دژ بە

بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگا بوەستێتەوە و ڕەخنەی لێبگرێت، ئەوا سەنگ و بەهای خۆی لەدەستدەدات و خۆشی دەبێت بە بەشێک لە سیستەمی باڵادەست و بارودۆخی ناهەمواری کۆمەڵگا، "لە جیهانێکدا کە هیچ ڕەنگێک نەماوە، هونەر تەنها دەتوانێت ڕەش و تاریک بێت. هونەری هاوچەرخ هەر کە لەگەڵ ڕەنگە ڕۆشن و شادەکاندا تێکەڵبێت، بایەخی خۆی لەدەستدەدات. بە (نمایشکردنی) بابەتی ڕاستەقینە، جوان و باش تەنها دەتوانین خۆمان لە جیهانێکی پەست و بێنرخدا بەدناو بکەین. هونەر دەبێت ناشرین بێت، بۆ ئەوەی وەها جیهانێک ئاشکرا بکات، بۆ ئەوەی ڕێزی جوانیی کە دەستدرێژیی کراوەتەسەر، بپارێزێت، هونەر دەبێت دڵڕەق بێت، دەبێت لە دڵی سیستەم بێسیستەمی بەرهەمبهێنێت، تاوەکو نیشانبیدات ئەم سیستەمە لە ڕاستیدا چەندە شێواو و بێ سیستەمە. هونەر دەبێت ئازاردەر بێت، دەبێت دژایەتیی دۆخی کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە هەموو پایەداری و ئاشتیخوازییەکان ئاشکرابکات و بیخاتەڕوو. پێوەری بایەخی بەرهەمێکی هونەری هەمان ڕق و تووڕەییە، کە دەریدەبڕێت" (هاوس کلر، ١٤٠٠: ٩٤)، ئەگەر هونەر نەیتوانی ئەم ئەرکە بەجێبینی دەکەوێتە داوی کۆمەڵگا و کۆمەڵگا لەناو خۆیدا دەیتوێنێتەوە و دەیکاتە بەشێک لەخۆی و هێز و کاریگەرییە ڕەخنەگرانەکەی کاڵدەکاتەوە، چونکە "کۆمەڵگا بەهێز و لێزانییەوە دەیەوێت هونەر بکاتە موڵکی خۆی، هەتا لەو کاتەنەشدا، کە هونەر ڕەفتارێکی ڕەخنەگرانە یان ناعەقڵانەی هەیە، هەوڵدەدات لە سیستەمی کارا و کاریگەریی خۆیدا شوێن و پێگەیەکی بۆ دیاریبکات، بەم شێوەیە ئەگەری تەقانەوە و هەڵچوونی بەڕادەیەکی بەرچاو کەمبکاتەوە" (هاوس کلر، ١٤٠٠: ٩٣)، لەم کاتەشدا، کە کۆمەڵگا "هەموو هەوڵ و ماندووبوونە داهێنەرەکان لەخۆیدا نغرۆیان دەکات و پەلکێشیان دەکات، بەم هۆیەوە دەبێت هونەر ڕووبکاتە ئانارشیزم" (همرمایستر، ١٣٩٩: ٢٦٤). واتە دەبێت هونەر خۆی لە سیستەم و ڕێکۆپێکی کۆمەڵگا بپارێزێت و ستایشی نەکات و نەبێتە بەشێک لێی، بەڵکو دەبێت پشێوی و ناڕێکی لە کۆمەڵگادا دروستبکات و جوڵەیەک دژ بەو سیستەمە و ڕێکۆپێکییەی لە کۆمەڵگادا هەیە دروستبکات.

لە ڕاستیدا ئەگەر هونەر ڕەخنە لە واقیعی کۆمەڵگا دەگرێت و دەیەوێت پشێوی و ناڕێکی لە کۆمەڵگا دروستبکات، ئامانجی وێرانکردنی کۆمەڵگا نییە و نایەوێت بە تەواوی کۆمەڵگا لەناوببات، چونکە ئامانجەکەی تەنیا لەپێناو وێرانکردن نییە، بەڵکو بە مەبەست و ئامانجی بنیادنانەوەی کۆمەڵگایەکی باشتر و مرۆڤانەترە، کە ئاشتی و دادپەروەری و ئازادی تێدا بێت (نوابخش و کەرەمی، ٢٠١٣: ١١٤). هەربۆیە بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کە گرنگییەکی زۆر بە هزری ڕەخنەیی دەدەن، پێیانوایە هزری ڕەخنەیی لەخۆگری عەقڵانیەتی زاتییە. عەقڵانیەتی زاتی، تایبەتمەندییەکی ڕەخنەیی هەیە و بەش بە حاڵی خۆی ڕەوایەتی بە سیستەم و حوکمی هەبوو نادات و لە باڵاترین بەها مرۆڤایەتییەکان، دادپەروەری و ئاشتی دەکۆڵێتەوە و هەڵیاندەسەنگێنێت (ریتزر، ١٤٠٠: ٢٦٠)، عەقلانیەتی زاتی "خاوەن بەها باڵا و بەنرخە مرۆییەکانی وەکو دادپەروەری، ئاشتی و کامەرانییە و خاڵی هیوای کۆمەڵگایە" (کیال، ١٤٠٠: ١٠٧). ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە پرسی ڕەخنە لە دنیابینیی فرانکفۆرتییەکان شتێکی ئەرێنییە و ڕەخنە لەپێناو

دنیایەکی باشترە نەک وێرانکردنی، کە جەخت لەسەر ڕەخنە لە ئەدەبیشدا دەکەنەوە هەر بەو مەبەست و ئامانجەیە، نەک شتی تر.

لە ڕوانگەی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، مرۆڤ لە کۆمەڵگای سەرمایەداری و مۆدێرندا بە تەواوی کەوتووەتە دۆخێکی سەرکوتکاری و نائازادییەوە و بووەتە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتە باڵادەستەکانی کۆمەڵگا و ئازادی لێزەوتکراوە (کیال، ١٤٠٠: ١٠٨ـ ١٠٩) لە کۆمەڵگایەکی ئەوهاشدا "کە سەرکوت هەموو شوێنێکی گرتووەتەوە، هونەر وەک ئەگەری گەیشتن بە ئازادی سەیردەکرێت، یان لانیکەم ئەم ئەگەرە نیشاندەداتەوە" (ولف، ١٣٩٤: ٥٦)، کەواتە ڕەخنەگرتنی هونەر لە کۆمەڵگە تەنیا لەپێناو ڕەخنەگرتن نییە و بەس، بەڵکو هونەر لە ڕێگەی ئەم ڕەخنەگرتنە لە واقیعیەتی باڵادەست و نیشاندانی ناڕەزایەتی و ناتەبایی لەگەڵی، هەمیشە بە دوای وێناکردنی جیهانێکی ترەوەیە، هەر بۆ وەدیهاتنی ئەم جیهانەشە، کە هونەر لە بەرانبەر کۆمەڵگا دەوەستێتەوە و بەرهەڵستی دەکات (عباسی، ١٣٨٨: ٣١). هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئەو بۆچوونانەی کە مارکۆزە سەبارەت بە هونەر دەیانخاتەڕوو "هەم لەخۆگری چۆنیەتیی بەرهەڵستی هونەر لە دژی واقیعیەتی هەبووە، بە جۆرێک کە بە پشتبەستن بە لۆجیکی ناوەکی بەرهەمی هونەری دەتوانرێت بەرهەڵستی سیستەمی هەبوو بکرێت؛ هەم دەرکەوتنی وێنەیەکی جوانە لە ئازادی لە چوارچێوەیەکدا، کە پەیامی هونەر تێیدا بریتییە لە گۆڕینی بابەتەکانی واقیع و دۆزینەوە و بوژاندنەوەی دنیایەک کە لە واقیعیەتی هەبوودا شێوێندراو و پێشێلکراوە" (عباسی، ١٣٨٨: ٣٦). ئادۆرنۆش بە هەمان شێوەی مارکۆزە پێیوایە. هونەر "دەبێت گوزارشت بێت لە خەمی خەڵک و دەربڕی ناخ و ئازارەکانیان بێت. هەروەها دەنگی کۆمەڵگەش بێت دژی نادادی و نایەکسانی و گوزارشت لە ئازادی و سەربەخۆیی تاکەکانی کۆمەڵگا بکات" (لەتیف، ٢٠٢٢: ١٢٨ـ ١٢٩)، دواجار ئاسۆیەک بەرەو ڕزگاری و ئازادی مرۆڤەکان لە دنیایەکدا بکاتەوە، کە لە هەموو لایەک دەورەدراوە و سەرکوتکراوە.

کاتێک هونەر ڕەخنە لە دۆخی هەبووی کۆمەڵگا دەگرێت پێویستی بە ئاگاییە لەو دۆخەی لە کۆمەڵگادا هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ناخی کۆمەڵگادا شۆڕببێتەوە و ڕەخنەی لێبگرێت و دژی بوەستێتەوە. "ئاگایی تەواو سەبارەت بە واقیعیەتی بارودۆخی هەبوو، مەرجی پێویست و لە هەمانکاتدا یەکەم هەنگاوە لە شەڕکردن بۆ گەیشتن بە ئازادی مرۆڤەکان. ئەم ئاگاییە... هەلی شەڕکردن بۆ تاک لەم ڕێگەیەدا فەراهەمدەکات و بەبێ ئەو... لە تەنگانە یان دنیای خۆبەدەستەوەدان و ڕازیبوون ڕۆدەچێت" (مارکوز، ١٣٥٠: ٢٢٥)، بە واتایەکی تر، بەبێ (ئاگایی) سەبارەت بە دۆخی کۆمەڵگا ناتوانین بە ناخی کۆمەڵگا ڕۆبچین و لەوێوە دژیەکەکان و ناتەباییەکانی بەدیاربخەین و ڕەخنەی لێبگرین. لە هەمانکاتدا بە بوونی ئاگایی سەبارەت بە کۆمەڵگا نەک هەر دەتوانین واقیع و دۆخی هەبوو بخەینەڕوو و ڕەخنەی لێبگرین، بەڵکو دەتوانین ئەوەی کە لە کۆمەڵگا نییە، کەچی دەبوایە هەبێت (دۆخی دڵخواز) بخەینەڕوو و لەم ڕێگەیەوە هەوڵی گۆڕانکاریی کۆمەڵگا بدەین.

**بەشی دووەم: دیدە ڕەخنەییەکان لە دەقی (کتێبی ملوانکە)دا**

لە پێشووتردا ئەوەمان خستەڕوو، کە تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەییی قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئەدەب لە بەرانبەر کۆمەڵگا لەبەرچاودەگرێت، پێیوایە دەبێت دەقی ئەدەبی ڕەخنە لە بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگا بگرێت و دژی بووەستێتەوە و ڕەتیبکاتەوە، بەمەش دەتوانێت لە قاڵبی ئەدەبی ڕەسەن جێبگرێت. شێرکۆ بێکەسیش لە دەقی (کتێبی ملوانکە)دا ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی بەرانبەر بە دۆخ و پرسی ئافرەت لە کۆمەڵگاکەی هەیە، بە تەواوی دژی دۆخی هەبوو و ئەو سیستەمە پیاوسالاری و نێرسالارییە دەوەستێتەوە، کە هۆکاری چەوساندنەوە و ستەمکردنن لە ئافرەت. بە جۆرێک سەرتاپای دەقەکەی تایبەت کردووە بە دۆخی ئافرەت لە کۆمەڵگاکەی و زۆر بە توندی دژی ئەو بارودۆخە دەوەستێتەوە، کە کۆمەڵگا بۆ ئافرەت سازیکردووە و ڕوانگەیەکی نەرێنی (نەفیگەرا)یانەی بەرانبەری هەیە. ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین سەرەکیترین دید و ڕوانگە ڕەخنەییەکانی شێرکۆ سەبارەت بە دۆخی ئافرەت لە کۆمەڵگادا بخەینەڕوو:

**١-٢ پیاوسالاری**

کۆمەڵگای پیاوسالاری کۆمەڵگایەکە، کە پیاو تێیدا باڵادەست و دەسەڵاتدارە بە سەر ئافرەتەوە، ئافرەت تێیدا تاکی پلە دووە و لەژێر دەسەڵات و هەژموونی پیاودایە و ناتوانێت لێیدەرچێت، کۆی جومگەکانی کۆمەڵگا لە دەستی پیاودایە و هەموو شتێک بە ویست و ئارەزووی ئەوە و کۆتا بڕیار لای ئەوە، ئافرەت هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کۆمەڵگا نییە و تاکێکی پاسیڤکراوە. لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا نایەکسانییەکی زۆر لە نێوان ئافرەت و پیاودا هەیە و ئازادییەکانی ئافرەت تێیدا زۆر سنووردار و بەرتەسکە. ڕەخنەی شێرکۆش لە کۆمەڵگا و نیشتیمانەکەی ئەوەیە، کە کۆمەڵگا و نیشتیمانێکی پیاوسالارن و دەنگ و ڕەنگی نێرینە تێیدا زاڵ و باڵادەستن، (بوون)ی پیاو یان نێرینە لە هەموو شتێکدا ڕەنگیداوەتەوە و سیمای پیاوسالاری بە هەموو شتێکەوە دیارە، وەک دەڵێت:

... هەرچی خواوەندێکم ئەدوان
پیاو دەرئەچوون
هەرچی ڕەنگێکم ئەبینی
هەرچی دەنگێکم ئەبینی
هەرچی چاوێک .. هەرچی گوێیەک
هەموو پیاو بوون
زریان پیاو و، شەپۆل پیاو و
بەندەر پیاو و، کەشتییەکانیش هەر هەموو پیاو!
ئەبێ خواوەندی مێینەی ڕۆژانی زووی من لە کوێ بێ؟!

چۆن بزر بوو؟! چی بە سەر هات؟! (بێکەس، ٢٠٠٧: ٣٩-٤٠)

وەک دەبینین ئافرەت بەهۆی ئەو دنیا پیاوسالارییەی کە چواردەوری داوە، یادی ئەو ڕۆژانە دەکاتەوە و بۆ ئەو ڕۆژانە دەگەڕێتەوە، کە قۆناغی دایکسالاری یان ژنسالاری بوو، بەو پێیەی "ژن لە قۆناغی سەرەتای دروستبوونی شارستانییەتدا ڕۆڵێکی سەرەکی لە پێکهێنانی ژینگەی خێزان و کۆمەڵگەدا گێڕاوە، سەرەڕای ئەوەی کە بەخێوکەری منداڵ بووە و لە ئامادەکردنی خۆراک وماڵیکردنی ئاژەڵ و دۆزینەوەی دانەوێڵە و کشتوکاڵیدا دەستپێشخەریکردووە، ئەم کاریگەرییەش لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگا پلە و پایەکی مەزنی پێبەخشیووە" (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧: ١٣)، بەڵام لە ئەمڕۆدا ئافرەت ئەو گەورەیی و پلە و پایەیەی لە دەستچووە، کە ڕۆژانی زوو هەیبووە.

شێرکۆ، کە کۆمەڵگاکەی بە کۆمەڵگایەکی پیاوسالار وێنادەکات و پێیوایە پیاو تێیدا باڵادەستە، باوەڕی وایە ئەم باڵادەستی و دەسەڵاتداریَتییەی پیاو لە هێزی کولتووری، ئاینی، مێژوویی، سیاسی و یاساییەوە، سەرچاوە دەگرێت و لە لایەن ئەمانەوە پاڵپشتی دەکرێت. بە واتایەکی تر، شێرکۆ پێیوایە هەریەکە لە کولتوور، مێژوو، ئاین... هتد ڕەوایەتی و شەرعییەت بە باڵادەستیی پیاو بە سەر ئافرەت دەدەن و ئەوە ئەوانن پیاویان بە سەر ئافرەت زاڵکردووە و کردوویانە سەردار و دەسەڵاتدار بە سەر ئافرەتەوە:

باوکم هەر خۆی نییە یەک لەشکری
تەیاری لە ژمارە نەهاتووی هەموو سەدەکانی
لەگەڵە. لەشکری خودا بە هەڕەشەی
دۆزەخێکی هەمیشە نێڵەنێڵ سووتاوەوە.
باوکم هەر خۆی نییە. هەرچی دێوجامەی
هەزار ساڵەی کولتووری ڕاوە لای ئەوە. باوکم
وەک خودا بێباکە و چون دەمی شمشێری
هەڵکێشراو لەبەر سوورە هەتاودا بریقە
بریقێتی. ئەو مووی ڕیشی لە ئاوی شەرەف
هەڵکێشاوە بۆیە پیاوە. باوکم کتێبی
نامووس و حەیای لە ناو گەڵدا داناوە و
لە چاوی ئەو کونانەوە تەماشای دنیای
فانی ئەکات!. قانون لەو بووە. جەڵدە
وەچەی ئەوە. باوکم تۆڵەیەکی ئەبەدییە و
جەنگێکی بێ کۆتایی. باوکم پیاوە پیاو،

باوکم سمێڵە سمێڵ، باوکم خەنجەرە خەنجەر.
باوکم هەر خۆی نییە، نیشتیمان لە پشتییەوە
ئەڕوا و مێژوو نوکتەی بۆ ئەگێڕێتەوە و
حەییا و حورمەت کڕنووشی بۆ ئەبا!. (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٧٦ـ ١٧٧)

کۆمەڵگایەک، کە وەک شێرکۆ پێیوایە بەم جۆرە لە هەموو ڕوویەکەوە لە پشت پیاوەوە بێت، بێگومان هەر وجودی پیاوی تێیدا دەردەکەوێت و حیکایەتەکانی مێژووش هەر بریتیدەبن لە حیکایەتەکانی پیاو و یاساکانیش هەر یاسای پیاوانە و نێرانە دەبن، دواجار ئەمەش وا دەکات ئافرەت ببێتە مرۆڤێکی پلە دوو و ژێردەستە و هیچ سەنگ و بەهایەکی نەمێنێت و بەشی هەر ئەو شتانە بێت، کە لە پیاو ناوەشێنەوە و پیاو بە شایستەی خۆیان نازانێت:

لە دوای خودا پیاو دێ لە دوای پیاوەوە کەس نایەت جگە
لە تامارێکی* زەلیل کە منم!. کۆمەڵ ئاوێنەیەکی
هەڵگرتووە هەر پیاوی تیا دەرئەکەوێ. مێژوو
حیکایەتێک ئەگێڕێتەوە هەر لە ڕەنگی پیاو. قانون
پەیژەیەکە هەر نێر دایتاشیوە هەموو ئەو شتانەی
تریش کە بۆ نێر بێکەڵکن لە مندا کۆ ئەبنەوە!. (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٩١)

## ٢ـ٢ جیاوازیی جێندەری

یەکێک لەو ڕەخنانەی شێرکۆ لە کۆمەڵگای دەگرێت و لەگەڵی ناڕازی و ناتەبایە جیاوازیی جێندەرییە، لە ڕوانگەی شێرکۆوە کۆمەڵگاکەی خاوەنی کولتوور و دابونەریت و دنیابینییەکە، کە جیاوازیی جێندەری زۆر بە قووڵی تێیدا ڕەگیداکوتاوە، بە جۆرێک لە نێوان ئافرەت و پیاودا جیاوازییەکی زۆر لە ڕۆڵ و ئەرک و مافدا بەدیدەکرێت، لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە زۆر لە یەکتر جیاوازن و هیچ یەکسانییەک لە نێوانیاندا بەدیناکرێت و وەکو دوو مرۆڤ جیاواز لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەوە سەیردەکرێن.

شێرکۆ زۆر بە ڕوونی ئەوە نیشاندەدات، کە کۆمەڵگاکەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دابەشی سەر دوو ڕەگەز بووە و لە دوو ڕەگەز پێکهاتووە، واتە جیاوازیی جێندەری لە کۆمەڵگادا زۆر بە ڕوونی هەستپێیدەکرێت و ئافرەت و پیاو لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە بە جیاواز لە یەکتر دانراون، بەڵام شێرکۆ پێیوایە چ ئافرەت بێت یان پیاو هەردووکی هەر مرۆڤن، بۆیە ناکرێت جیاوازی لە نێوانیان بکرێت و دەبێت هەمان پێگەی پیاو بە ئافرەتیش بدرێتەوە و هەردووی ڕەگەز لەژێر چەتری مرۆڤبووندا بە یەکسانی بژین:

*تامار: تارمایی، شەبەح.

... ئەم دارستانە دوو توخمە و
دوو ڕەگەز. وەک سەرنجام بۆ ئازادییەک ئەگەرێ
کە ناونیشانە گەورەکەی هەر درەختە! (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٦٤)

ئەو دابەشبوون و جیاوازییەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە نێوان ئافرەت و پیاودا دەکرێت، زۆر بە ئاسانی و ئاشکرایی لە کۆمەڵگادا هەستیپێدەکرێت و دەبینرێت، وەک دەڵێت:

لێرە. لێرە، شتومەک بێ، کەل و پەل
بێ و، هەرچییەک بێ کە بینیمن من ئەزانم
نێرن یان مێ: دیوار نێرە، شەقام نێرە
درەخت مێیە و، کۆڵانی تەنگ و باریکیش
زۆربەیان مێ ... (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٧٨)

لەو دابەشکاری و جیاکارییە جێندەرییەی لە کۆمەڵگادا دەکرێت، هەرچی شتی باش و چاکە بەشی پیاوە و هەرچی شتێک خراپ و بێکەڵکە بەشی ئافرەتە. بە واتایەکی تر، لەو دنیا دوانەییەی لە کۆمەڵگای کوردیدا لە نێوان ئافرەت و پیاودا دروستبووە، پیاو سەنتەریەتی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە و ئافرەت لە پەراوێزی ئەودا دەژییێت، بە جۆرێک هەر ئەرک و ڕۆڵ و مافێک کە باڵادەستیی پیاو بە سەر ئافرەت مەیسەر دەکەن، دراون بە پیاو، لە بەرانبەردا ئەو ڕۆڵ و ماف و ئەرکانەی کە ژێردەستەیی ئافرەت بۆ پیاو دەستەبەر دەکەن، بەخشراون بە ئافرەت:

لەم وڵاتەدا
هەموو حەزێک دوو ژووری هەیە.
هەموو مافێک دوو ژووری هەیە.
هەموو یاسایەک دوو ژووری هەیە.
هەموو پەیڤێک دوو ژووری هەیە.
لەم وڵاتەدا
لەو دوانانەدا
کامەیان پەرپووت تر و
لە هەتاو دوورتر و
دڵتەنگتر و
ئەنگوازتر و
شێدارترە
ژووری ژنە! (بێکەس، ٢٠٠٧: ٨٢)

**٢-٣ نائازادیی ئافرەت**

پرس و بابەتی ئازادیی ئافرەت، یەکێکە لەو بابەتانەی شێرکۆ زۆر بە جدی و قووڵی لەبارەیەوە ڕەخنە لە کۆمەڵگاکەی دەگرێت و پێیوایە ئافرەت لە کۆمەڵگاکەی ژێردەست و نائازادە تا توانراوە سنووری ئازادییەکانی بەرتەسککراوەتەوە و وەکو بوونێکی سەربەخۆ و ئازاد بیری لێنەکراوەتەوە و لێی نەڕوانراوە، هەمیشە سنوور و کۆت و بەندەکانی کولتوور، ئاین، یاسا، دەسەڵات... هتد، ئافرەتیان خستووەتە چوارچێوەیەکەوە و لەقاڵبیانداوە و ئازادی و سەربەستییەکانیان لێ زەوتکردووە. شێرکۆ نائازادیی ئافرەت لە کۆمەڵگاکەی نیشاندەدات و پێیوایە بەهۆی نائازادی و ژێردەستەیی ئافرەت، کۆمەڵگاکەی ناتەواو و ناکامڵە و تاوەکو ئافرەت سەربەست نەبێت کۆمەڵگاکەی بە تەواوی و کامڵی خۆی ناگات، وەک دەڵێت:

شەقام ئەڵێ تا مێینەم بە شەو و ڕۆژ
ئازادانە پێدا نەڕوات
وا ئەزانم شەقامێکم دەست و قاچێکم نوقسانە.
ڕووبار ئەڵێ تا مێینە ئازادانە خۆی لە ئاوم هەڵنەکێشێ
وا ئەزانم ڕووبارێکم نیوەی شەپۆلم نوقسانە.
بادە ئەڵێ تا مێینە بە ئازادانە نەمنێ بە لێوی خۆیەوە
وا ئەزانم بادەیەکم نیوەی چێژەکەم نوقسانە. (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٢٦-١٢٧)

بە واتایەکی تر، شێرکۆ پێیوایە تاوەکو ئافرەت ئازاد نەبێت و کۆت و بەند و بەربەستەکانی سەر ڕێگەی ئازادیی ئافرەت نەشکێنرێن و لانەبرێن، کۆمەڵگا پێشناکەوێت و نیوەکەی تری تەواونابێت و کامڵ نابێت.

لەبارەی دۆخی ئازادیی ئافرەت لە کۆمەڵگاکەی، شێرکۆ زۆر لەسەر ماڵ دەوەستێت و ڕەخنەی زۆری لێدەگرێت، پێیوایە ماڵ زیندان و دۆزەخێکە بۆ ئافرەت و سەرەتای سەرکوتکردن و زەوتکردنی ئازادییەکانی ئافرەت لەوێوە دەستپێدەکات، بە جۆرێک ئافرەت مەحکومکراوە بە چوار دیواری ژوور و ماڵ و زیندانییەکی هەمیشەییە تێیدا، وەک دەڵێت:

لێوان لێو بوون لە تەنیایی. ئەو کچانەی لەو
دیوی دیوارەکانەوە، بە پرچە درێژەکانیان چاویان
وشک ئەکەنەوە و بە شاری خۆیان غەریبن، بە شەقام و
باخچەکان غەریبن. بە کوڕان غەریبن. ملوانکەی
مێ لەم وڵاتەدا هەر ئەبێ لێوی پەتەکانی خۆیان
بکرۆژن ... (بێکەس، ٢٠٠٧: ٣١)

وەک دەبینین شێرکۆ وێنەی ماڵمان بۆ دەکێشێت، کە ئافرەت تێیدا زیندانییە و ناتوانێت و ئازاد نییە لەوەی کە بە ویست و ئارەزووی خۆی لێبڕوات و دەربچێت، بۆیەشە ئافرەتەکان تا ئێستا ئاشنای شار و کوچە و کۆڵان و پارکەکانی نەبوونە، ڕۆژێک نەیانتوانیوە بە ئازادانە پیاسەیەک بە شەقامەکانیدا بکەن و لە پارک و باخچەیەکیدا پشوویەک بدەن و چاویان بە کوڕانی شارەکەیان بکەوێت، ئەمەش وای لە شێرکۆ کردووە ماڵ بە بکوژی ئازادی و خەون و ئارەزوو و هیواکانی ئافرەتان دابنێت، وەک دەڵێت:

ئەمە ماڵە یان گۆڕیچەی خەونەکانی تەنیاییی؟!
ئەمە ژوورە؟! یان تابووتی ڕەنگاوڕەنگی ڕووناکیی؟!
ئەم لەشەی من، لەشی خۆمە، یان باوکم؟!
من نازانم، ئەمە منم، یان کویلەی ئەبەدیی!. (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٧٥)

شێرکۆ (خێزان)یش بە یەکێک لە سەرچاوە و هۆکارە سەرەکییەکانی نائازادیی ئافرەت دادەنێت، پێیوایە خێزان (لێرەدا مەبەست لە ڕەگەزی نێرینەی ناو خێزانە وەک باوک، برا، مام و خاڵ... هتد) وەکو کۆیلە و ژێردەست مامەڵە لەگەڵ ئافرەت دەکەن، بە جۆرێک کە کۆنترۆڵی ئافرەت لە دەست خۆیان بێت و بە هەر جۆر و شێوەیەک ئارەزوو دەکەن بەو شێوەیە بیجووڵێنن و ئاڕاستەی بکەن، واتە ئافرەت لە ناو خێزاندا هیچ شتێکی بە ویست و ئارەزووی خۆی نییە و لە هیچ شتێکدا ئازاد نییە و خاوەنی دەنگ و ڕەنگی خۆی نییە، وەک دەڵێت:

... ئەوان ئەیانویست
سوێند بە سەری ئەوان بخوات. هەرچییەکیان وت
ئەم دەنگ نەکات. بۆ نموونە ئەگەر کڵاوەکە
خۆیکردە سەری ئاوێنەی ژوورەکەی، ئەم بڵێ:
بەڕاستی جوانە!.
ئەگەر جامانەکەیش خۆی لە سەری بۆفیەکەوە
پێچا. ئەم بڵێ بەڕاستی جوانە. ئەگەر جامانەکە
خۆیکردەوە وتی من ئەبم بە پەردەی پەنجەرەکەت.
ئەم بڵێ، ئەبێ وابێ .... (بێکەس، ٢٠٠٧: ٢٣٢)

جیا لەمە لە ڕوانگەی شێرکۆوە ئافرەت هەمیشە لەژێر چاودێرییەکی وردی خێزانەکەیدایە و لە هەڵسوکەوت و کردارەکانی ئازاد نییە، بۆیە هەندێکجار ناچارە پەنا بۆ هەندێ تاکتیک و فرت و فێڵ ببات بۆ ئەوەی شتەکان لە چاودێریی خێزان بشارێتەوە:

... دەفتەرە گچکەی ژمارەی
تەلەفۆنەکان ئەوەی بۆ باسکردم کە ئەم لە

هەموویان زیاتر لەژێر گوشاردایە و چەندین جار
لە ناکاو دراوە بە سەریا بۆ ئەوەی بزانن ئەو ژمارەی
تەلەفۆنانەی ناو ئەو نێرن یان مێ!. هەروەها
بە چرپە پێی وتم: بەڵام خانم بۆ شوێنەونی: هەندێ
ناوی نێرینەی گۆڕیوە بە ناوی مێینە وەک ئەوەی
"سالار" ی بە "سانا" تومار کردووە ... (بێکەس، ٢٠٠٧: ٥٨ـ ٥٩)

ئەم دۆخەی ئافرەت لەناو ماڵ و خێزان، کە وەکو ژێردەستە و کۆیلە چاوی لێدەکرێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و ئازادییەکانی لێ زەوتدەکرێت، وایکردووە ئافرەت تووشی داڕووخان و شکان و تیاچوون ببێت، بەڵام ئەمە نەک نەبووەتە هۆی ئەوەی ویژدانی بەرانبەر بجووڵێنێت و بیر لە گۆڕینی دۆخی ئافرەت بکاتەوە، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ ئازادییەکانی ئافرەت بەرتەسکتر دەکاتەوە و گوشارەکانی لەسەر زیاتر دەکات، لەم بارەیەوە دەڵێت:

ڕۆژێک نییە لەم ماڵەدا
شووشە بەندێکی مێینە
هاڕە نەکا!
ڕۆژێک نییە لەم ماڵەدا
پێوەندییەکانی نێرینە
یەک دوو ئەڵقەیەک زیاد نەکا! (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٥٧)

دواجار شێرکۆ پێیوایە لە ڕاستی و واقیعی ژیانی کومەڵگاکەی، بەهۆی ئەو گوشار و زەبر و زەنگ و چاودێرییە چڕەی ڕەگەزی نێر و خێزان بە سەر ئافرەتەوە، گەیشتنی ئافرەت بە ئازادی ئەستەمە، بۆیە مەگەر هەر لە خەوندا بتوانێت بە ئازادی بگات و لەژێر ستەم و ئازار و ناڕەحەتییەکانی ژیانی واقیعی ڕزگاریبێت و بە کامی دڵی خۆی بگات:

دەتخوا با بنووێ و هیچ نەبێ لە خەویا ئازادی ببینێ.
لە خەویا هەڵفڕێ و. هیچ نەبێ لە خەویا یارەکەی ببینێ.
دەتخوا لێیگەڕێن، با دوور بێ لە چاوی باوکی خۆی.
با دوور بێ لەم ماڵە و، لە تانە و دارکاریی برای خۆی (بێکەس، ٢٠٠٧: ٨٧)

لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی، ئەدەبیات لە ڕێگەی نیشاندان و خستنەڕووی بارودۆخی خوازراو، واقیع و دۆخی هەبووی کۆمەڵگا ڕەتدەکاتەوە، شێرکۆش لێرەدا لە ڕێگەی بارودۆخی خوازراو بۆ ئافرەت، کە دەبێت ئازاد بێت و لەژێر ستەم و سەرکوتکردن و گوشارەکانی پیاو ڕزگاری ببێت، دۆخی هەبووی کۆمەڵگا کە ژێردەستەکردنی ئافرەت و

زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانیەتی، ڕەتدەکاتەوە و دژی دەوەستێت و ڕەخنەی لێدەگرێت و هیوای ئازادیی ئافرەت دەخوازێت.

**٤ـ٢ ڕەخنە لە ئافرەت خۆی**

ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆری جوانیناسیی ڕەخنەیی، ڕەهەندی ڕەخنەیی دەقی ئەدەبی بنەما و پێوەری سەرەکیی ڕەسەنبوونی دەقێک بێت، ئەوا دەقی (کتێبی ملوانکە) بنەمای دروستبوون و بەرهەمهێنانی لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن و وەستانەوە دژی بارودۆخی هەبوو وەستاوە و شێوەی گرتووە، بۆیە دەبینین ئەگەر شێرکۆ بێکەس بەرگری لە مافی ئافرەت دەکات و ڕەخنە لە دۆخی ئافرەت لە کۆمەڵگاکەی دەگرێت و لەم ڕووە دژی بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگا دەوەستێتەوە و ڕەتیدەکاتەوە، ئەوا لە هەمانکاتدا ڕەخنە لە خودی ئافرەت خۆیشی دەگرێت، پێیوایە زۆرجار ئافرەت خۆی هۆکاری ستەملێکردن و کۆت و بەندکردن و بە کەمگرتن و قەدەری خۆیەتی، بۆیە شێرکۆ ڕوو لە ئافرەت دەکات و پێیدەڵێت:

ئەی پرچی مێینەم!
لە غەدری گشت دنیای
جیهانی نێرینەیش
گەورەتر ئەوەیە:
تۆ بۆ خۆت
هەر بە خۆت
ئەڵقەبی، بۆ ملی فرینت و
تۆ بۆ خۆت ڕازیبیت
ببیتە قەنارەی
ڕووناکی و گەردنت! (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٥٧ـ ١٥٨)

وەک دەبینین شێرکۆ بوونی ئافرەت (خۆی) بە هۆکار و زەمینەسازیی دیلی و ستەملێکردن و سەرکوتکردنی، زۆر لەو ستەم و ناحەقی و غەدرەی ڕەگەزی نێر لێیدەکات بە گەورەتر دادەنێت، چونکە لەو کاتەدا ئافرەت خۆی هۆکار و ڕێگەخۆشکەری چەوساندنەوەی خۆیەتی، خۆی دەبێتە شەرعیەتپێدەر و پاساودەری ستەملێکردنەکەی، ڕازییە بەرانبەر بەو جیاوازی و نایەکسانییەی بەرانبەری دەکرێت، بۆیە لە دیدی شێرکۆ ئەمە زۆر گەورەترە لەو ستەم و چەوساندنەوەی نێر بەرانبەری دەکات، هەر ئەمەشە وا لە شێرکۆ دەکات ڕەخنە لە ئافرەت خۆی بگرێت، کە بەرانبەر بەو هەموو نادادی و نایەکسانی و توندوتیژییەی بەرانبەری دەکرێت، کەچی نەک هەر دەنگهەڵنابڕێت و دژی ئەو ستەمە ناوەستێتەوە، بەڵکو پێی ڕازییە و شەرعیەتیشی پێدەدات.

### ٢ـ٥ لەشفرۆشی

لەشفرۆشی چ لە ڕوانگەی ئاینی یان کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە کارێکی قێزەونە و دوور لە بەها و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگایە، لە کۆمەڵگادا ئافرەتی لەشفرۆش ئافرەتێکی بێبەها و قێزەونە و کۆمەڵگا بە چاوێکی خراپ و قێزەونەوە لێیاندەڕوانێت و بە سووک و کەم سەیریان دەکات، لە هەمانکاتدا لە لایەن خزمان و کەسوکاریانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی تا ئاستی کوشتن دەبنەوە، بەڵام ئەوەی شێرکۆ لە دەقی (کتێبی ملوانکە) دا لەبارەی ئافرەتانی لەشفرۆشەوە دەیخاتەڕوو، لە ڕاستیدا ڕەخنەگرتن نییە لەم جۆرە ئافرەتانە، بەڵکو ڕووی شێرکۆ لە کۆمەڵگایە و ڕەخنە لە کۆمەڵگا دەگرێت، کە ئەو ئافرەتانەی کردوونەتە لەشفرۆش، لە سەرەتادا شێرکۆ بەها و پێگە و ژیانە پڕ لە مەترسییەکەی لەشفرۆش دەخاتەڕوو و دەڵێت:

... من دەمێک بوو بیرم لەوە ئەکردەوە، بچمە
ماڵانێ کە ئێوە نەچووبن. یان ئەو سۆراخانەی من
شوێن پێی سۆراخەکانی ئێوە هەڵنەگرێ. کارێ بکەم
سەردەق شکێنبێ و بگەمە لای ئەو ملوانکە
بەدبەختانەی کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی نەک هەر
خۆشیان ناوێن بەڵکوو بێزیشیان لێئەکەنەوە و لە
پەراوێزە هەرە پیسەکاندا دایانناون.
خۆ ئەگەر ئاشکرایش بن و بگیرێن، ئەوسا یان
پشتاوپشت سواری گوێدرێژیان ئەکەن و
خۆڵ و دۆیان ئەکەن بە سەردا و شاربەدەریان
ئەکەن یاخود هەر یەکسەر سەریان لە لەشیان
جیا ئەکەنەوە. ... (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٠٥ـ ١٠٦)

دواتر شێرکۆ دێتە سەر هۆکارەکانی لەشفرۆشیی ئافرەتان و پێیوایە کۆمەڵگا ئەوانەی کردوون بە لەشفرۆش. بە واتایەکی تر، شێرکۆ پێیوایە ئافرەت لەپێناو هیچدا لەشی خۆی نافرۆشێت، بەڵکو لە پشت ئەو لەشفرۆشییەی کۆمەڵێک هۆکار هەن، یەکێک لە هۆکارەکان لە ڕوانگەی شێرکۆوە هەژاری و نەداری و برسێتییە، کە پاڵ بە ئافرەتەوە دەنێت لەشفرۆشی بکات و پەنا بۆ ئەم کارە قێزەوەنە ببات، وەک دەڵێت:

... وتی: ئەزانم
ئێستە ئەپرسی بۆچی ئەم کارە ئەکەین. منیش
ئەمەوێ بە کورتی پێتبڵێم: لەبەرئەوەی برسی و
ڕووت و ڕەجاڵ بووم .. برسی .. برسی .. تۆ ئەزانی

برسێتی چییە یان هەر لە سەرت خوێندۆتەوە؟! (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٠٧)

لێرەدا دەکرێت بە دیوێکی تریش لەو دەقەی سەرەوە بڕوانین، کە شێرکۆ مەبەستی ئەوە بێت، چونکە لە کۆمەڵگادا سەرچاوەی داهات و کۆکردنەوەی داهات هەر لە دەست پیاوە و ئافرەت ناتوانێت کار بکات و داهات کۆبکاتەوە، بۆیە زۆرجار ئافرەت ڕووبەڕووی هەژاری و برسێتی دەبێتەوە و بە ناچاری پەنا بۆ لەشفرۆشی دەبات، بۆیە دەکرێت ئەمە بە دیوێکی تریشدا ڕەخنە بێت لە کۆمەڵگا و کولتووری پیاوسالاری.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی لەشفرۆشیی ئافرەتان، لە ڕوانگەی شێرکۆوە پیاوان یان وردتر بڵێین مێرد و هاوسەرەکانن، کە خێزانەکانیان ناچار بە لەشفرۆشی دەکەن، وەک دەڵێت:

... وتی: هەریەکە و چیرۆکێکی هەیە. من
گوێزانە حەشیشە خۆرەکەی مێردم پاڵی پێوەنام
بۆ ئەم کارە!. ئەوە حیکایەتێکی درێژە و ئێستا
ناگێڕدرێتەوە!. ... (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٠٨)

لێرەدا شێرکۆ ڕەخنە لە واقعێکی تاڵی کۆمەڵگا دەگرێت، ئەویش ئەوەیە، کە ئافرەت باجی خراپی و کارە قێزەونەکانی هاوسەرەکەی دەدات، شێرکۆ پێیوایە پیاوان، خێزانەکانیان وەکو کەرەستە و ئامرازێک دەبینن، کە بەکاریان دێنن بۆ بەتاڵکردنەوە و تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانیان، یەکێک لەو کارە قێزەونانە ئاڵودەبوونە بە ماددە هۆشبەرەکان، کە خەرجییەکی زۆر دەخاتە سەر کەسی تووشبوو، لەو نێوەندەدا پیاوانێک کە خەرجی کڕینی ماددە هۆشبەرەکانیان پێ دابیناکرێت، ڕێگەیەک کە پەنای بۆ دەبەن کردنی خێزانەکانیانە بە کاڵایەک بۆ فرۆشتن و لەو ڕێگەیەوە خەرجی بۆ حەز و ئارەزوو و کارە قێزەونەکانیان پەیدادەکەن، ڕەخنەی شێرکۆش لێرەدا هەر ئەمەیە، کە بوونی ئافرەتان بە لەشفرۆش زۆر هۆکاری لەپشتەوەیە، ڕاستە کارەکە لە هەر ڕوویەکەوە سەیریکەی قێزەونە، بەڵام شێرکۆ سەرنجمان بۆ هۆکارەکانی ئەم کارە ڕادەکێشێت و پێیوایە بەر لەوەی ئێمە سەرنج لە کارە قێزەونەکەی ئەوان بدەین، بەر لەوە پێویستە سەرنج لە هۆکارەکانی پشت ئەم کارەوە بدەین. بە گشتی لەم بارەیەوە ڕەخنەی شێرکۆ لە کولتوور و کۆمەڵگایە، کە دەبنە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی دیاردەیەکی وەک لەشفرۆشی لە کۆمەڵگادا.

هەر لەبارەی ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگا، کە بە سووک و قێزەوەن سەیری ئافرەتی لەشفرۆش دەکەن، شێرکۆ لەسەر زاری لەشفرۆشەکە دەڵێت:

ملوانکەیەکی سۆزانیی
لەسەر شەقامێکی گشتی

کراسەکەی هەڵدایەوە وهاواریکرد:
من هەر جەستەی خۆم ئەفرۆشم
هەر خۆم و بەس!.
بەڵام لەسەر ئەم شەقامە، ئەیانبینم
تیایاندایە جەستەی شاخ و جەستەی
دەشت و، جەستەی باخچە و
جەستەی هەتاو و بارانی
فرۆشتووە و
بێدەربەستیش لەسەر کورسی
شەرافەتی ئەم وڵاتەیش
دانیشتووە!. (بێکەس، ٢٠٠٧: ١١٦ـ ١١٧)

ئافرەتی لەشفرۆش بەهۆی لەشفرۆشییەوە، کە تایبەتە بە خۆی، لە کۆمەڵگادا بە سووک و کەم سەیردەکرێت و کەسێکی دڵخواز نییە لە کۆمەڵگادا و خەڵک بە قێزەون لێیان دەڕوانێت و هیچ سەنگ و بەهایەکیان بۆ دانانێت، لە بەرانبەردا خەڵکانێک خەریکی دزی و تاڵانین دەست بۆ موڵک و ماڵی گشتی دەبەن و بە ئارەزووی خۆیان تەخشان و پەخشانی پێدەکەن و دەیفرۆشن، بەڵام ئەوانە لە کۆمەڵگادا نەک هەر بە سووک و کەم سەیرناکرێن و خەڵکی قێزیان لێناکەنەوە و ناخرێنە پەراوێزەوە، بەڵکو لە چاوی خەڵکدا پێگە و بەهایەکی بەرزیان هەیە و ڕێزلێگیراون و خاوەنی بەرزترین پلە و پێگەی دەسەڵاتیشن، پرسیار و ڕەخنە جدییەکەی شێرکۆش لە کۆمەڵگادا هەر لەوەیە، کە پێوایە ئافرەتی لەشفرۆش تەنیا جەستەی خۆی کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە و مافی هیچ کەسێکی تری بە سەرەوە نییە دەفرۆشێت*، بەهۆیەوە بە سووک سەیر دەکرێت، ئەی بۆ لە بەرانبەردا خەڵکانێک کە دەست بۆ ماڵی گشتی دەبەن بە ئارەزووی خۆیان دەستیبەسەردا دەگرن و بۆ خزمەتی خۆیان دەیفرۆشن، لە کاتێکدا کە ماڵ و سامانی گشتییە و مافی هەموو تاکەکانی نیشتیمانی بەسەرەوەیە، کەس بە کەم سەیری ئەمانە ناکات، بۆ؟.

**٦ـ٢ کولتوور**

کولتوور، کە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەڕێوەدەبات و بنیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی لەسەر بینادەکرێت، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی یەکسانی و جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاودا دەبینێت، چونکە دواجار هەر تاکێک وەکو پەروەردەکراوێکی ژینگە

* دەبێت ئەوە بگوترێت، کە شێرکۆ لە دەقەکەدا ڕەوایەتیی بە کاری لەشفرۆشی نادات، بۆیە ئەوەی لێرەشدا خستوویەتیەڕوو هەر بۆ بەراوردکرن و گەیاندنی مەبەستەکەیەتی نەک ڕەوایەتیدان بەم کارە.

کولتوورییەکە و بەرهەمێکی کولتوورەکە هەر بە چاویلکەی کولتوورەکە و تێڕوانینە کولتوورییەکە سەیری ئەم بابەتە دەکاتەوە و نرخ و بەها بە هەر یەکێک لە ڕەگەزەکان دەدات. لەم ڕووەوە لە ڕوانگەی شێرکۆوە کولتووری کۆمەڵگاکەی سەبارەت بە یەکسانی و جیاوازیی نێوان ئافرەت و پیاو تێڕوانین و دنیابینییەکی باشی بەرهەمنەهێناوە، پێیوایە کولتووری کۆمەڵگاکەی کولتوورێکی پیاوسالار و نێرسالارە، بۆیە لە دیدی ئەو کولتوور یەکێکە لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی کوشتن و چەوساندنەوە و ستەمکردن لە ئافرەت لە کۆمەڵگادا، چونکە ئەو پێیوایە بەشێکی زۆری ئەو کوشتن و چەوساندنەوە و بە کەم سەیرکردنەی... هتد ئافرەت بە هۆکاری کولتووری و لەژێر ناو و سایەی کولتوور لە کۆمەڵگادا دەکرێت. بە واتایەکی تر، لە کۆمەڵگادا کولتوور هێزپێدەر و پاڵپشتیکەری پیاوسالارییە و کۆمەڵگا شەرعیەتی خۆی لە هێزی کولتووری وەردەگرێت بۆ چەوساندنەوەی ئافرەت و ستەملێکردنی، بۆیە شێرکۆ زۆر بە توندی دژی کولتووری پیاوسالاری دەوەستێتەوە و ڕەخنەی لێدەگرێت، بەمەش وەک ئەوەی فرانکفۆرتییەکان دەڵێن ئەدەبی ڕەسەن دەبێت دژ بە بارودۆخی هەبوو بوەستێتەوە، لەم ڕووەوە شێرکۆش ناتەبایە لەگەڵ بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگاکەی و دژی دەوەستێتەوە و ڕەخنەی لێدەگرێت.

یەکێک لەو تێڕوانینە کولتوورییانەی، کە شێرکۆ ڕەخنەی لێدەگرێت بابەتی شەرەف و ناموسە لە کولتوور و کۆمەڵگاکەی، لە ڕوانگەی شێرکۆوە لە کولتووری کۆمەڵگاکەی ئافرەت پەیوەستکراوە و بووە بە شەرەف و ناموس بۆ پیاو، بۆیە پیاو زۆر هەستیارە بەرانبەر بە ئافرەت و هەمیشە چاودێریدەکات و زۆر توندە لەسەری، هەر هەڵە و دەرچوونێکی لە نەریتی باوی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی سەرکۆنە و توندوتیژی تا ئاستی مەرگی دەکاتەوە:

بەڵام ئەوەی هەرگیز بیرم ناچێتەوە.<br>
ئەو ژنە بوو کە بە ناوی خوا و پێغەمبەر و<br>
شەرەفەوە چەند بەردیکی دراوسێی منیان<br>
لێبەست و هاوێشتیانە گۆمێکەوە! (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٢٨)

ئەمەی سەرەوە کۆتایی حیکایەتی ژیانی ئافرەتێکە، کە لەژێر ناو و بە هۆکاری شەرەفەوە لە لایەن کەسوکارییەوە بە دڕندانەترین شێوە کوژراوە، بە جۆرێک بەردیان لێبەستووە و فڕێیانداوەتە بەنداوی دوکانەوە. لە ڕوانگەی شێرکۆوە کوشتن لەژێر ناوی شەرەف یەکێکە لە پاڵنەر و هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی کوشتنی ئافرەت و لە ڕێگەیەوە پیاو و خێزان شەرەف و ناموسی خۆیان دەپارێزن و پاکیدەکەنەوە، چونکە لە ئەگەری مانەوەی ئافرەتێک بە زیندوویی،

کە کارێکی بەدڕەوشتی کردبێت، ئەوا شەرەف و نامووسی خێزان و کەسوکاری ئافرەتەکە نامێنێت و دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە بە ئاسانی دەست بۆ کوشتنی ئافرەت دەبەن:

لە ئێوارەیەکی دۆشداماوی پاییزدا، هەر لە ماڵی
خۆیاندا و هەر بە پەتەکەی خۆیشی وەک
کارمامزێ خنکاندیان و بە دزییەوە دەنکە
کوژراوەکانیان بردە دەرەوەی شار و لە کونی
گۆڕهەڵکەنەیەکدا شاردیانەوە و هەر بە خوێنەکەی
خۆیشی و بە گەورەیی لە ئاسماندا و دوو بست لە
خوار خواوە نووسییان: شەرەف ئا شەرەف! (بێکەس، ٢٠٠٧: ١١)

شێرکۆ ناڕازی و ناتەبا و دژە لەگەڵ کولتووری ژنکوژی بە ناوی شەرەف و نامووسەوە و ڕەخنەی لێدەگرێت، پێیوایە ئەگەر لەسەر بێنامووسی و بێشەرەفی ئافرەت بکوژرێت، ئەوا دەبێت ڕۆژانە زۆر زیاتر لە ئافرەت پیاو بکوژرێن، بەڵام لەبەرئەوەی کولتوورێکی پیاوسالارە، ئەمە بۆ پیاو بە بێشەرەفی و بێنامووسی دانانرێت و لە سەری ناکوژرێت، وەک دەڵێت:

وتی: گوایە لەسەر نامووسە ئەم هەموو
سوخمەی مەمک و ژێرکراسانە ئەکوژرێن!
جا ئەگەر وابێ
ئەبێ ڕۆژێ چەندجار مشکی و
جامانە و شەرواڵ ستارخانی و
مرادخانی نێر بکوژرێن؟! (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٥٠)

هەر لەم بارەیەوە لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

دیارە بە دزی شەرەفەوە
ئەگەر پیاو سکی لە ژن پڕ بوایە
ژمارەی دانیشتوانی ئەم دنیایە
سێ ئەوەندەی ئێستا ئەبوون! (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٠٤)

یەکێکی تر لەو دیاردە کولتوورییانەی کە هۆکاری چەوساندنەوە و ستەمکردنە لە ئافرەت دیاردەی بە زۆر بەشوودان و گەورە بە بچووکی و شیربایی و ... هتدیە، شێرکۆ بێکەس ڕەخنە لەو نەریتە دەگرێت، کە کچ هێشتا لەناو لانک دایە و نازانێت خێر و شەڕ چییە چارەنووسی دیاریکراوە و هاوسەری ژیانی بۆ هەڵبژێردراوە، لە دیدی شێرکۆدا ئەم نەریت و دیاردەیە زۆرتر لە گوندەکان بەرچاودەکەوێت بە بەراورد لەگەڵ شارەکان، چونکە خەڵکی گوند لە ژینگەیەکی

داخراوتر و نەریتیتر و پیاوسالارتردا دەژین و هێشتا ئاشنای ژینگەی شارنشینی نەبوون، کە تا ڕادەیەک ژینگەیەکی کراوەتر و نەرمتر و ئازادترە بە بەراورد لەگەڵ گوند. لەم بارەیەوە دەڵێت:

ئەمڕۆ لەگەڵ خاتووندا چووین
بۆشاییەک
لە گوندیکی نزیکی شار
لە فرسەتێکدا ملوانکە بووکەکەم دی
لێم پرسی چۆن شووتکردووە
بەم بەرانە سمێڵ ڕەشە؟!
دوای دڵداری؟!
وتی: نەخێر، هێشتا لە ناو لانکەدا بووم
کە منیان کردبووە ملی! ؟ (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٥٢ـ ١٥٥)

ڕەخنەیەکی تری شێرکۆ لە کولتووری کۆمەڵگاکەی ئەوەیە، کە چینایەتی لە هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ ئافرەت دەورێکی گرنگ دەبینێت. بە واتایەکی تر، خێزانەکان هەمیشە حەز بەوە دەکەن، کە کچەکانیان شوو بە کوڕێکی دەوڵەمەند بکەن و بۆی نییە هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکی هەژار بکات، با ئەو کوڕە کوڕێکی باش و ڕۆشنبیر و تێگەیشتووش بێت، چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە خۆشبەختیی ژیان بەهۆی پارە و پول و ماڵ و سامانەوەیە، بۆیە شێرکۆ پێیوایە لە کۆمەڵگاکەی ئافرەت بۆی نییە و نابێت شوو بە کوڕێکی لە خۆی هەژارتر بکات، ئەمە شتێکە هەر لە سەرەتاوە بە گوێی ئافرەتدا دراوە و دڵنیایە، کە کارێکی وەها نابێت و سەر ناگرێت:

خانمەکەمان دڵدارە جار بە جار بەنەهێنی لە سیلەی
کۆڵانێکدا یان لەسەر قەبران خۆشەویستەکەی بۆ
چەند دەقیقەیەک ئەبینێ بەڵام کارەسات ئەوەیە کە
ئەم دڵنیایە بۆ ئەو نابێت، چونکە دڵدارەکەی
کوڕی خانووە قوڕەکانە و بۆی نییە دەست بۆ کچە
کریستاڵ بەرێ!. (بێکەس، ٢٠٠٧: ٥٩ـ ٦٠)

لە ڕوانگەی شێرکۆوە پەیوەندیی سۆزداریش یەکێکی ترە لەو شتانەی کە لە کۆمەڵگادا بۆ ئافرەت بڤەیە و بە هیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نییە دەستی بۆ بەرێت، لەم ڕووەوە ئافرەت نائازادە و سەرکوتکراوە، بۆی نییە پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ کەسی دڵخوازی خۆی ببەستێت، هەمیشە لەژێر چاودێرییەکی چڕ و وردی خێزانەکەیدایە و لە ئەگەری ئاشکرابوونی پەیوەندییەکەی هەموو سزا و ئازارێک تا ئاستی کوشتن چاوەڕێی دەکات. وەک دەڵێت:

... کەس بە دەرەوە نەبوو. گەیشتمە

نزیکی قەراغ شار. چەند دیمەنێکی سامناک بوو، لە
چاڵێکدا لاشەی ملوانکەیەکی بێ سەرم بینی.
هێشتا هەر خوێنی لەبەر ئەڕۆیشت
لەبەر خۆوە وتم بۆ؟! ئاخر بۆ؟! لە ناکاو لەو لامەوە
تارماییەکی سپی دەرکەوت و بە دەنگیکی زۆر
خەماوییەوە وتی: من ڕۆحی گۆرانییەکی کوژراوی
"قادر کابان" م. ئەم ئێوارەیە کە دنیا تاریکیی
کرد. باوک و کوڕە خەنجەرێ ئەم ملوانکەیەیان لێرەدا
سەربڕی. تەنها لەبەرئەوەی گۆرانییەکی منی لە ناو
ماچێکدا بۆ دەزگیرانەکەی ناردبوو!. (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٠٠ـ ١٠١)

شێرکۆ پێیوایە لە کولتووری کۆمەڵگاکەی پیاو و ئافرەت یان نێر و مێ نابێت تێکەڵ بە یەکتربن و دەبێت لە یەکتر جوودا بن، ئەمەش وایکردووە دیوارێک لە نێوان دنیای پیاو و دنیای ئافرەت دروستبێت. بە واتایەکی تر، لە دیدی شێرکۆوە چونکە کولتووری کۆمەڵگاکەی کولتوورێکی پیاوسالارە و زۆر هەستیار و توندە بەرانبەر بە ئافرەت، بۆیە هەمیشە ترسی لە ئافرەت هەیە، لەوەی تێکەڵ بە پیاو بێت لەبەر مەسەلەی شەرەف و نامووس، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی ترەوە، کۆمەڵگا وەکو بوونێکی نامۆ لە ئافرەت دەڕوانێت و بە کەم سەیریدەکات و پێی شەرمە تێکەڵ بە دنیای پیاو ببێت، لەم ڕووەوە دەڵێت:

ئەو دەمەی هاتمە سەر زەوی و
بۆ یەکەمجار هەتاو لێیدام
بریقەیشم نزیک نزیک
دای لە چاوی چوار پێنج پیاوێ و
کە زانیان بەردێکی مێم
ئەوسا ئیتر سمێڵیان کەوتە پێکەنین
هەر بە باوەش هەڵیانگرتم و ماچیانکردم و
لە بەردی نێریان دابڕیم!. (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٩)

ڕەخنەگرتن لە دۆخی بێوەژن و تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆی، یەکێکی ترە لەو بابەتانەی شێرکۆ خستوویەتیەڕوو. لە ڕوانگەی ئەوەوە لە کولتووری کۆمەڵگاکەی بێوەژن جیاوازتر لە کۆی ئافرەتانی تر لێیدەڕوانرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەمیشە ترس و گومانێک لەناو خێزان بەرانبەر بە بێوەژن هەیە نەبادا هەڵەیەک بکات و شەرەف و ئابڕوویان بەرێت، بۆیە هەمیشە

چاودێرییەکی چڕتر و وردتریش دەخەنە سەر بێوەژن و ئازادییەکانی بەرتەسکتر دەکەنەوە و زیاتر سەرکوت و کپ دەکرێت:

... ئیستە برایەکم لێمبووە بە
ملۆزم. ئیسپانەیەکی فیتەرە. بەردەوام تاقیبم
ئەکات، ئەچم بۆ کوێ و ناچم بۆ کوێ؟!. پێم
ئەڵێ: ملوانکەی بێوەژن خەتەرە!. ئەبێ هەمیشە
چاومان لە سەری بێ. نەبادا هەڵەیەک بکەن و
ئابڕوومان بەرن!. (بێکەس، ٢٠٠٧: ٧٣)

لە دیدی شێرکۆوە بە هەمان شێوەی ئافرەتی بێوەژن، کچانی (قەیرە)ش، لە بارودۆخی خراپدا دەژین و وەکو زیندانییەک وان لە ماڵەوە، ئەمەش وایکردووە لە بارێکی دەروونیی خراپدا بژین و هەست بە بێزارییەکی زۆر لە ژیاندا بکەن و ژیان بۆ ئەوان بریتیبێت لە مانەوە لەناو چوار دیواردا، وەک دەڵێت:

من جووتێ گوارەی خوشکێکی
قەیرەی << کامەران>>م
...
من زۆر کەم ئەچمە دەرەوە و
لە ناو قوتوە شینەکەمدا
وەڕس، وەڕس، پاڵکەوتووم و
هەر لە ماڵم.
مەگەر دەگمەن هەوای دەرێ هەڵمژم و
مەگەر ڕێکەوت قژی کوڕێکی سەرجادە ببینم و
یاخود بۆنی خۆشی نێرێ
بێتە لووتم.
بێزار بێزار هەر لە ماڵێ و
هەر لە ماڵێ! (بێکەس، ٢٠٠٧: ١١٦ـ ١١٧)

ئەم نموونانەی سەرەوە بەشێکن لەو نموونانەی کە نیشاندەری کولتوور و دابونەریتن وەک سەرچاوە و هۆکاری کوشتنی ئافرەت و چەوساندنەوە و ستەملێکردن، جیا لەم نموونانە، نموونەی تری زۆر لە بابەتەکانی تر خراونەتەڕوو، کە دەتوانن نیشاندەری کولتوور وەک هۆکاری سەرەکیی چەوساندنەوەی ئافرەت بن.

**٢ـ٧ ئاین**

ئاین و پیاوان و شوێنکەوتووانی ئاین پێیانوایە لە ئایندا ڕێزێکی تایبەت لە ئافرەت نراوە و حەق و مافەکانی دەستەبەرکراون و هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئافرەت و پیاودا نەکراوە، بەڵام لە ڕوانگەی شێرکۆوە ئاین سەرەکیترین هۆکار و سەرچاوەی چەوساندنەوە و ستەمکردنن لە ئافرەت و هێزپێدەر و پاڵپشتکەری پیاوسالارییین لە کۆمەڵگادا، بۆیە پێیوایە هەموو ئاینەکان بێ جیاوازی ئاینی نێرسالارن. بە واتایەکی تر، هەموو ئاینەکان هۆکار و سەرچاوەن بۆ باڵادەستی بەخشین بە پیاو بە سەر ئافرەتدا و پێگە و پایەی پیاو لە سەرووی ئافرەتەوە دەبینن، دواجار ئەمەش وایکردووە ئاین سەرچاوەیەکی سەرەکی بێت بۆ شەرعیەتدان بە پیاو لە چەوساندنەوە و ستەمکردن لە ئافرەت، لە هەمانکاتدا باوەڕە ئاینییەکە دەبێتە هۆکارێک بۆ ڕازیبوونی ئافرەت بە باڵادەستیی پیاو بە سەرییەوە. لەبارەی ئەوەی کە هەموو ئاینەکان سەرچاوە و هۆکاری پیاوسالارین شێرکۆ دەڵێت:

هەموو ئاینەکان بۆنی نێریان لێدێ کە بە لایاندا
تێئەپەڕم ترسێک دامئەگرێ ترسێک هەر خۆی و
بەس، تەنیاتریش لەو گوناهەی کە ڕۆژی عەدەم،
بە ڕووت و قووتی ئەچێتە بەردەمی خودا. (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٩٠)

شێرکۆ، کە ڕەخنە لە هەموو ئاینەکان دەگرێت و پێیوایە هەموویان پاڵپشتیی پیاون، بەڵام ڕووی دەمی شێرکۆ بەتەواوی لە ئاینی ئیسلامە و هەموو ڕەخنەکانی ئاراستەی ئەو ئاینەن، پێیوایە بەهۆی هاتنی ئاینی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە بۆ کۆمەڵگاکەی، وایکردووە کۆمەڵگاکەی بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، بۆیە پێیوایە تاوەکو تێگەیشتن و تێڕوانینی ئاین بۆ ئافرەت لەناو کۆمەڵگادا باو و بڵاو بێت و کۆمەڵگا هەر بە چاویلکەی ئاین لە ئافرەت بڕوانن، ئەوا هیچ گۆڕانێک لە دنیای ئافرەت لە کۆمەڵگادا ڕوونادات، ئافرەت هەر لەژێر ستەم و ڕەحمی پیاودا دەبێت و وەکو ژێردەستە و کۆیلە چاوی لێدەکرێت. وەک دەڵێت:

... ئەم
ملوانکە سپیکەلە چاوڕەشە. هەموو جارێ
ڕستەیەکی هەبوو دووبارەی ئەکردەوە "دنیا لە
زۆر شوێن گەڕاوەتەوە بۆ دواوە ئەویش بەهۆی ئەو
پەتایانەوە کە لە ڕێی باڵندە نێرە ڕەشە گۆشت
خۆرەکانی نیمچە دوورگەی ئەو خوارەوە
بڵاوبوونەتەوە، هەتا منارە و شەقام لە یەکتر
جوێنەکرێنەوە هیچ گۆڕانێک بە سەر دنیای ئێمەدا

نایەت"       (بێکەس، ٢٠٠٧: ٢٢٦)

کوشتن و ئازاردانی ئافرەت بە ناوی ئاین و بەهۆی ئاینەوە یەکێکە لەو بابەتانەی شێرکۆ ڕەخنەی زۆری لێدەگرێت و دژی دەوەستێتەوە، پێیوایە ئازاردان و کوشتنی ئافرەت بە ناوی ئاین و بەهۆی ئاینەوە دیاردەیەکی باو و بڵاوە لە کۆمەڵگا و نیشتیمانەکەی، لە ئەگەری دەرچوونی ئافرەت لەو سنوورانەی ئاین و کۆمەڵگا بۆ ئافرەتی داناوە دووچاری ئازاردانی زۆر تا ئاستی کوشتنی دەکاتەوە، لەم ڕووەوە ڕەخنەی شێرکۆ زیاتر ئاراستەی پیاوانی توندڕەوی ئاینییە، کە زۆر بە ئاسانی دەست بۆ کوشتنی ئافرەت دەبەن و هیچ سۆز و بەزەییەکیان بەرانبەر بە ئافرەت نییە، لەم بارەیەوە شێرکۆ نموونەی ئافرەتێکی بوێری کۆمەڵگاکەی دێنێتەوە، کە بە دڕندانەترین شێوە لەلایەن دیندارە توندڕەوەکان کوژراوە:

... نێرەبای
مێژەر بە سەری پشتوێن فیشەک لغی ئیماراتی
"جیهاد" هەر بە شوێنیەوە بوو. تا لە شەوێکی
کوێردا، گرتیان و لە تاوێرە بەردێکیان بەست
هەرچەندە بەردەکەیش ئەیویست خۆی لە دەستی
عەشق کوژان ڕاپسکێنێ "بەڵام بێ سوود بوو
ئەوان مێژووە کەتەکانی "غەزوە" بوون. دواجار
هەرسێکیان، بەردەکە و ژنەی دووگیانیان
خلکردەوە بۆ ناو دەریاچە پیرۆزەکەی نیشتیمان!"(بێکەس، ٢٠٠٧: ١٤)

بەردبارانکردنیش یەکێکی ترە لەو شێواز و ڕێگایانە، کە شێرکۆ ڕەخنەی لێدەگرێت و ناڕازییە لە بەرانبەری، بۆ ئەم مەبەستە شێرکۆ بەسەرهاتی کوڕ و کچێکی عاشقمان بۆ دەخاتەڕوو، کە بەهۆی پەیوەندیی سۆزداریی نێوانیان لەلایەن چەند دیندارێکی توندڕەوەوە بە فتوای مەلایەکی توندڕەو بەردبارانکراون، وەک دەڵێت:

دوێنێ لەو گەڕەکەی ئێمە بە فیتی مەلایەک
لەوانەی باسی جیهاد ئەکەن ژنە ملوانکەیەکی
عاشق و کوڕە موستیلەیەکی دڵدار بەردباران کران! (بێکەس، ٢٠٠٧: ٧١)

لە دیدی شێرکۆدا نەک هەر ئافرەت قوربانی دەستی هەندێک لە پیاوان و شوێنکەوتووانی توندڕەوی ئاینییە، بەڵکو هەر کەسێک و قەڵەمێکیش بانگەشەی ئازادیی ئافرەت و مافی ئافرەت بکات، چارەنووسی لە چارەنووسی ئافرەتانی ئازا و ڕێچکەشکێن باشتر نابێت، ئەوانیش دەکەونە بەر سزای پیاوانی توندڕەوی ئاینی و دووچاری ئێش و ئازار و کوشتن دەبنەوە، وەک دەڵێت:

بەم ناوەدا و بە بەردەمی
"با"ی ئەجەلی
شیر و شمشێری جیهاددا تێمەپەڕە.
ئەم مامزی سپی شیعر!
کە گرتیانی، لەبەر باڕژنی ئازاد و
سەری ڕووت و بیری ڕووت و وشەی ڕووت و
قەڵەمبازی ڕێچکەشکێن
ئەتدەنە دەست ئەو دۆزەخەی
بەر لە دۆزەخەکەی خودا
داخراوە بۆ ئەم دنیا و
بۆ ڕەنگەکانی حەرام و
پەیڤەکانی جەستەی کفرا! (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٥٩- ١٦٠)

هەر لەم بارەیەوە شێرکۆ نموونەی شاعیرێک دێنێتەوە، کە ڕەخنەی لە ئاین و ئەرکە ئاینییەکان گرتووە و بەرگری لە ئافرەت و ئازادییەکانی ئافرەت کردووە، لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە فتوای کوشتنی بۆ دەرکراوە. بە واتایەکی تر، دەکرێت بڵێین مەبەستی شێرکۆ ئەوەیە و ڕەخنەی ئەوە لە کۆمەڵگاکەی دەگرێت، کە کۆمەڵگایەکی ئاینییە و ئافرەت تێیدا نائازادە و سەرکوتدەکرێت، بە شێوەیەک کە ئافرەت مافی قسەکردنی نییە و ناتوانێت داوای ماف و ئازادییەکانی خۆی بکات و لە سنووری ئاین دەرچێت، تەنانەت ئەو پیاوانەش کە بە دوای ماف و ئازادییەکانی ئافرەتەوەن و لە بابەتی پرسی ئافرەتدا ڕەخنە لە ئاین دەگرن، ئەوانیش هەمان چارەنووسی ئافرەت چاوەڕێیان دەکات:

... ئەم
جوومعەیەش، یەکێکیان کە لە تەیرن
ئەبابیلەیەکی ئاسمانی نیمچە دوورگەی عەرەب
ئەچوو، فەتوای بۆ کەڵەشێرێکی شاعیر دەرکرد و
ڕەجمی واجیب کرد. چونکە لە شەودا خوێندبووی
چونکە ڕیقنەی بە سەر حیجابەکاندا کردبوو
... (شێرکۆ، ٢٠٠٧: ٢٣١)

یەکێکی تر لە ڕەخنە سەرەکییەکانی شێرکۆ لە ئاین پەیوەست بە پرسی ئافرەتەوە، حیجابە. لە ڕاستیدا، چونکە گۆشەنیگای شێرکۆ بۆ بابەتەکان زیاتر گۆشەنیگایەکی نائاینییە، بۆیە دەبینین لە پرس و بابەتەکانی پەیوەست بە ئاین زۆر توندە، یەکێک لەو بابەتانە بابەتی حیجابە، شێرکۆ زۆر

دژی حیجابی ئافرەتە و زۆر توندە بەرانبەری و بە توندی ڕەخنەی لێدەگرێت و بەرانبەری دەوەستێتەوە، لە دیدی ئەوەوە سەپاندنی حیجاب یەکێکە لەو ستەمانەی کە ئاین لە ئافرەتی دەکات و بەهۆیەوە ئازادییەکانی ئافرەت سەرکوتدەکات، وەستانەوەی شێرکۆ بەرانبەر بە حیجاب تا ئاستێک دەچێتە پێشەوە، کە بە هەموو شێوەیەک ڕەتیدەکاتەوە، دەکرێت بڵێین لەم ڕووەوە زێدەڕۆیی پێوەدیارە، تەنانەت ئافرەتانێکیش کە بوێر و ئازادیخوازن و لە بواری ئافرەتانیش کاردەکەن، بەڵام باڵاپۆشن، لە دیدی شێرکۆدا حیجابەکەی ئەوانیش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ حیجابەکەی ئەو ئافرەتانە نییە، کە داخراون و پشتگیری لە تێڕوانینی ئاین سەبارەت بە باڵاپۆشی دەکەن، چونکە لە دیدی شێرکۆدا حیجاب هەر حیجابە لە سەری هەر ئافرەتێک بێت، وەک ئەوەی لە باسی کچێکی باڵاپۆش، کە کچێکی کراوەیە و پێیوایە حیجابەکەی وەک حیجابی ئەو ئافرەتانە نییە، کە عەقڵی داپۆشیون و لە هەمانکاتدا بە ماف و ئازادییەکانی خۆی وشیارە و بەرگری و داکۆکی لە مافی ئافرەتانیش دەکات، بەڵام لە وەڵامی ئەمەدا یەکێک لە کاراکتەرەکانی دەقەکەی شێرکۆ دەڵێت:

... "ببورە! هەر حیجابێ ڕێگەی لە با و<br>
خۆرەتاو گرت هەر حیجابە. تکایە ئەو قژە جوانە<br>
ئازادکە!" ... (بێکەس، ٢٠٠٧: ٢٢٣)

بە هەمان شێوە لە شوێنێکی تری دەقەکەدا هاتووە:

... هەموو لەچکەکان دژی<br>
هەتاون! دژی (با) و مانگە شەو و دژی جوانی و<br>
چاون ... (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٩٧)

شێرکۆ پێیوایە لە تێڕوانینی ئایندا بۆیە حەرامە قژی ئافرەت بە دەرەوە بێت و دەبێت لەچک بکاتە سەری و باڵاپۆش بێت، چونکە ئافرەتی سەرڕووت یان بە واتایەکی ڕوونتر ئافرەتێک کە قژی بە دەرەوە بێت، ئەو قژەی هەستبزوێنە بۆ پیاوان و ئارەزووی سێکسیی پیاوان دەجووڵێنێت، بۆیە نابێت تاڵە موویەک لە قژی بە دەرەوە بێت، بەڵام شێرکۆ ڕەخنە لەو تێڕوانینە دەگرێت و پێیوایە جووڵاندنی ئارەزووی سێکسیی پیاو هیچ پەیوەندی بە قژی ئافرەتەوە نییە تاوەکو باڵاپۆش بێت، بەڵکو پەیوەستە بە نیگا و ماچ و دەستبازی... هتد، وەک دەڵێت:

.. بەشیکی<br>
زۆر لەو لەچکانە ئەڵێن: قژی مێ و زوڵف و پرچی<br>
درێژ، ئەکەونە مەملەکەتی حەرامەوە ئەمە بەپێی<br>
قسەیەک کە بەر لە دوو هەزار ساڵ کراوە. قژی

ملوانکە ئاگری بنکای شەهوەتە.
سوراوی لێوەکە پێکەنی و وتی: قژ چییە جگە
لە وشکانییەک! ئارەزووی شەهوەت لە چاوەوە
ئەبزوێ و لە دەم و لێودا ئاگری تێبەر ئەبێ!. (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٩٧ـ ١٩٨)

لەلایەکی ترەوە، شێرکۆ ڕەخنە لە ئافرەتانی بالاپۆش دەگرێت و پێیوایە لە ڕێگەی بالاپۆشییەکەیانەوە دەرگای ئازادییان بە ڕووی خۆیان داخستووە و خۆیان داوەتە دەست بیرکردنەوە و جیهانبینی ئایینییەوە، جیهانبینیی و باوەڕێک، کە پیاوسالارە و هێزپێدەر و پاڵپشتی پیاوە و وەکو ژێردەستەی پیاو سەیری ئافرەت دەکات، لە هەمانکاتدا ئافرەت دەخاتە کونجی ماڵەوە و بە کەم و سووک لێیدەڕوانێت. وەکو جارییە و کەم عەقڵ یان عەقڵ ناتەواو و ... هتد سەیریدەکات، وەک دەڵێت:

... سەرنجی
جادە و ڕێبوار و باڵەخانە و دەوروبەری خۆمم ئەدا. ژنە
عەبا و ژنە پەچە و چارشێوم ئەبینی. لە پۆلە
باڵندەی ڕەش ئەچوون، لە بوخچەی گرێدراو. لە
قوماتەی شەوەزەنگ و بەزەییم پیا ئەهاتنەوە
ئەوەتا هەتاو لە قژی خۆیان و لە گەردن و قاچ و
قولیان دائەماڵن و سەری خۆیان ئەدەنە دەست
مێزەری دووکەڵ و عەمامەکانی تاریکیی. بەزەییم
پیا ئەهاتنەوە کە دەستەمۆی کوێر بوون و عەقڵی
ماڵین. بەزەییم پیا ئەهاتنەوە کە ئەوان هێشتا
نازانن هەر جارییەی دوورگەکانی لمی جاران و
مەسینەی پیاون. ئەوان هێشتا هەر سێ یەکی
ژیانن و ڕازین بەوەی هەموو ڕۆژێ و هەتا ئەبەد
پێیان بڵێن: عەقڵی نوقسان و ناتەواو ... (بێکەس، ٢٠٠٧: ٦٤ـ ٦٥)

بۆیە شێرکۆ بە دوای نەهێشتنی بالاپۆشییەوەیە لەناو ئافرەتانی کۆمەڵگاکەی و لە هەوڵی وشیارکردنەوەیانە و هانیاندەدات بۆ وازهێنان لە حیجاب، چونکە بە یەکێک لە سەرەکیترین ڕێگرییەکانی بەردەم ئازادیی ئافرەتی دەبینێت و پێیوایە ئەوە ستەمێکە لە ئافرەت دەکرێت، وەک دەڵێت:

بڕیارماندا سەردانی "لەچکەکان" بکەین
پێیان بڵێین:

ئاو و هەتاو و مانگەشەو
کلووی بەفر، دەنکە تەرزە
سروە و جریوەی ئەستێرە و
شەبەنگەکان
نمەی باران
هەر هەموویان لێیان زیزن
چونکە ئەوانن ناهێڵن
بگەنە لای سەر و قژیان!. (بێکەس، ٢٠٠٧: ١٤٩)

## ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

ـ .دەقی (کتێبی ملوانکە) دەقێکی ڕەخنەگرانەیە و لە هەناوی خۆیدا دید و ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی بەرانبەر بە دۆخی هەبووی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردیدا هەڵگرتووە و ڕوانگەیەکی نەرێنی و نەفیگەرایانەی بەرانبەر بە بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگاکەی هەیە و زۆر بە توندی دژی دەوەستێتەوە و ڕەتیدەکاتەوە، ئەمەش لەگەڵ ڕوانگەی تیۆری جوانیناسی ڕەخنەیی بۆ هونەر و ئەدەب کوک و تەبایدەکات، کە ڕەهەندێکی ڕەخنەگرانەی بۆ ئەدەب لە بەرانبەر کۆمەڵگا لەبەرچاو دەگرن.

ـ ئەم دەقە تایبەتە بە پرس و دۆخی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردیدا و تێیدا شێرکۆ زۆر بە توندی ڕەخنە لە کۆمەڵگاکەی دەگرێت و پێیوایە کۆمەڵگایەکی پیاوسالار و نێرسالارە، بەجۆرێک پیاو تێیدا سەردار و سالارە و ئافرەت هیچ پێگە و بەها و ئازادییەکی نییە، کۆی ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگا: کولتوور، ئاین، مێژوو، سیاسەت و یاسا ... هتد پاڵپشت و هێزپێدەری پیاوسالارین و شەرعییەتی خۆی لە مانەوە وەردەگرێت، بۆیە شێرکۆ ڕەخنەی جدی لەم جیاوازییە جێندەرییە دەگرێت و دژی دەوەستێتەوە و ڕەتیدەکاتەوە.

ـ لە ڕوانگەی تیۆریی جوانیناسیی ڕەخنەیی، دەقی (کتێبی ملوانکە) لە قاڵبی ئەدەبی ڕەسەن جێدەگرێت و دەقێکی ڕەسەنە، چونکە ئەگەر پێوەری ڕەسەنبوونی دەقێک لە ڕوانگەی ئەم تیۆرە ڕەخنەگرتن و وەستانەوە بێت بەرانبەر با بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگا، ئەوا ئەم دەقە بناغەی دروستبوون و بەرهەمهێنانی لەسەر ڕەخنەگرتن و وەستانەوە دژ بە بارودۆخی هەبووی کۆمەڵگا وەستاوە.

## لیستی سەرچاوەکان


### بە زمانی کوردی

**ـ کتێب**

ـ بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٧)، کتێبی ملوانکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

ـ جەهانبەگلو، ڕامین (٢٠١٩)، مۆدێرنەکان، و. ئازاد بەرزنجی، چاپی سێیەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی.

ـ لەتیف، شەماڵ (٢٠٢٢)، مۆدێرنە و کولتوور دەربارەی کۆمەڵناسیی کولتوور، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ـ محەمەد، ئارام (٢٠٢١)، ئادۆرنۆ و ڕەخنەی کەلتووری، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆسا، هەولێر.

ـ نوابخش، د. میهرداد و کەرەمی، ئەمین (٢٠١٣)، مەعریفە و فرانکفۆرت، و. سۆران کەسنەزانی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی، هەڵەبجەی شەهید.

### بە زمانی فارسی

**کتێب**

ـ اسلاتر، فیل (١٣٩٨)، مکتب فرانکفورت: خاستگاه و مفهوم، بر پایه نظریه مارکسیستی، ت. محمدصادق رئیسی، چاپ اول، انتشارات سولار، تهران.

ـ جورشری، عباس نعیمی (١٤٠٠)، حیات اجتماعی هنر: مقدمەای بر تاریخ و جامعەشناسی هنر، چاپ اول، انتشارات نقد فرهنگ، تهران.

ـ ریتزر، جورج (١٤٠٠)، نظریه جامعەشناسی در دوران معاصر، ت. محسن ثلاثی، چاپ بیست و چهارم، انتشارات علمی، تهران.

ـ کیال، علی (١٤٠٠)، نظریه های ارتباط جمعی، چاپ دوم، انتشارات ساکو، تهران.

ـ مارکوز، هربرت (١٣٥٠)، انسان تک ساحتی، ت. دکتر محسن مؤیدی، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران.

ـ هاوس کلر، میشائل (١٤٠٠)، هنر چیست؟، مواضع زیبایی شناسی از افلاتون تا دانتو، ت. رحمان افشاری، چاپ سوم، انتشارات مهراندیش، تهران.

ـ همرمایستر، کای (١٣٩٩)، سنت زیباشناسی آلمانی، ت. محمدرضا ابوالقاسمی، چاپ اول، نشر ماهی، تهران.

ـ ولف، جنت (١٣٩٤)، زیبایی شناسی و جامعەشناسی هنر، ت. بابک محقق، چاپ دوم، فرهنگستان هنر جمهوری اسلامی ایران. مؤسسه تألیف، ترجمه و نشر آثار هنری ((متن))، تهران.

**گۆڤار**

ـ بی نام (١٣٨٧)، مکتب فرانکفورت، پژوهشنامه فرهنگستان هنر، شماره ١٠.

ـ چیانه، آرزو حسین پور و دیگران (١٣٩٩)، بررسی اشعار نیما یوشیج بر اساس نظریه زیبایی شناسی انتقادی مکتب فرانکفورت، فصلنامه زیبایی شناسی ادبی، سال هجدهم، شماره ٤٣.

ـ شجاع، آرمان (١٣٩٥)، اثر هنری و جهان تجربی: هنر هم چون منتقد جامعه در اندیشه آدورنو، جستارهای فلسفی، سال دوازدهم، شماره سی ام.
ـ طاهانسب، علی (١٣٩٨)، تحلیل شعر عارف قزوینی از دیدگاه نظریه زیبایی شناسی انتقادی، ادبیات و پژوهش های میان رشتهای، علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال اول، شماره دوم.
**ـ نامەی ئەکادیمی**
ـ عباسی، رضا (١٣٨٨)، تحلیل دیوان فرخی یزدی بر اساس نظریه ی زیبایی شناسی انتقادی، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشکده علوم انسانی و اجماعی، دانشگاه مازندران.

**الملخص**

**النقد في الفن كمبدأ أساسي للنص الأصيل من منظور النظرية الجمالية النقدية: نص "كتاب القلادة" لشيركو بيكس أنموذجا**

تتضمن نظرية النقد الجمالي لمدرسة فرانكفورت عددا من المفاهيم والمبادئ، من أهمها (النقد في الفن).

يحتوي هذا المبدأ على النظرة الرئيسة لهذه النظرية ويحدد معظم المفاهيم والمبادئ الأخرى ويعد أحد المبادئ والمعايير الرئيسة للتمييز بين النص الأصلي والنص غير الأصلي من وجهة نظرها. هذه الدراسة المعنونة بـ(النقد في الفن كمبدأ أساسي للنص الأصيل من منظور النظرية الجمالية النقدية: نص " كتاب القلادة" لشيركو بيكس أنموذجا) تهدف إلى إبراز النظرة والموضوعات النقدية الرئيسة للنص وفي نهاية المطاف تحديد مستوى أصالة النص من منظور هذه النظرية

ولهذا الغرض اتبعت الدراسة المنهج (الوصفي التحليلي)، تحاول تحديد وتقديم أهم وجهات النظر والموضوعات النقدية للنص في ضوء مبدأ (النقد في الفن) الذي يأخذ بعين الاعتبار النظرة النقدية للفن تجاه المجتمع ويجعله أساساً لتمييز النص الأصلي عن النص غير الأصلي. وفي النهاية يظهر أن هذا النص يقوم على نقد الوضع القائم للمجتمع، وهو نص أصيل من وجهة نظر هذه النظرية.

**الكلمات المفتاحية:** النظرية الجمالية النقدية، مدرسة فرانكفورت، النقد في الأدب، شيركو بيكس.